زانكۆی سەلاحەدین – هەولێر
Salahaddin university – erbil

# بەرپرسیارێتی تاوانکاری پزیشك لەهەڵەی پزیشکی

## پرۆژەی دەرچوونە

پێشکەش بە بەشی (یاسا) کراوە، وەك بەشێك لە پێداویستیەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لەزانستی (یاسا).

**ئامادەکراوە لەلایەن:**

**شایان شوان نادر**

**بەسەرپەرشتی:**

**د.پەیام نجم الدین کریم**

٢٠٢٥-٢٠٢٤

بسم الله الرحمن الرحيم

كُلُّ نَفْسٍ بِمَا كَسَبَتْ رَهِينَةٌ

(سورة المدثر/١٧)

((هەموو کەسێك بارمتەی کردارەکانی خۆیەتی))

# پشتگیری سەرپەرشتیار

**پشتگیری ئەوە دەکەم کە ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی ( بەرپرسیارێتی تاوانکاری پزیشك لە هەڵەی پزیشکی ) لەلایەن خوێندکار (شایان شوان نادر ) پێشکەش کراوە لەژێر سەرپەرشتی من لە بەشی یاسا/ کۆلێژی یاسا/ زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر وەك بەشێك لە پێداویستیەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە یاسا.**

**واژوو:**

**ناوی سەرپەرشتیار:** د.پەیام نجم الدین کریم.

**نازناوی زانستی:** پرۆفیسۆری یاریدەدەر.

**بەروار:** ٢٠٢٥/٤/٢٠

# سوپاس و پێزانین

- زۆر سوپاس بۆ خێزانەکەم بەتایبەتی دایك و باوك و خوشکی خۆشەویستم  کە بە درێژایی تەمەنی خوێندنم هاوکار و پاڵپشتێکی بە هێزبوونە بۆ تێپەڕاندنی هەموو کۆسپێکی بەردەمم.

- سوپاسی خۆم ئاڕاستەی بەڕێز ( د.پەیام نجم الدین ) دەکەم کە ئەرکی سەپەرشتیکردنی ئەم توێژینەوەی گرتۆتە ئەستۆ، کە بە سەرنج و تێبینییە زانستیەکانی هاوکارم بوو بۆ دەوڵەمەندکردنی توێژینەوەکەم.

- سوپاس بۆ هەموو کەسێك کە بە وشەیەکیش تاوەکوو ئەمڕۆ هاوکار بووە بۆ فێربوونم.

# پێشکەش

ئەم توێژینەوەیە پێشکەش دەکەم:

بە هەموو کەسێك کە هەوڵ دەدات بۆ زانین،

بە هەموو یاساناسێك و فێرخوازانی یاسا،

بە هەموو خوێندکارانی پزیشکی،

بە هەموو پزیشکێکی دڵسۆز...

بەهەموو نەخۆشێك کە بەهەڵەی پزیشکی زیانی بەرکەوتبێت.....

# پوختە

ئەم توێژینەوەیە لە ڕوانگەی یاساییەوە ڕەچاوی هەڵەی پزیشکی و کاریگەرییەکانی دەکات لەسەر بەرپرسیارێتی تاوانکاری پزیشك بەپێی یاسای عێراق. باسی یەکەم باس لە پێناسەکردنی هەڵەی پزیشکی و پۆلێنکردنی وێنە جۆراوجۆرەکانی دەکات، وەك کەمتەرخەمی، هەڵەشەیی ، نەبوونی وریا و پێشێلکردنی یاسا و ڕێساکان. هەروەها باس لەو هەڵانە دەکات کە لە لایەنە مرۆیی و پیشەییەکانی پراکتیکی پزیشکییەوە سەرهەڵدەدەن، وەك بەرچاوڕوونی نەدان بە نەخۆشەکە، وەرنەگرتنی ڕەزامەندییان، هەڵە لە دەستنیشانکردن، چارەسەرکردن، نەشتەرگەری و خراپی بەدواداچوون دوای چارەسەرکردن. بەشی دووەم باس لە کۆڵەگەکانی بەرپرسیارێتی تاوانکاری دەکات کە لە ئەنجامی هەڵەی پزیشکییەوە سەرهەڵدەدات، تیشك دەخاتە سەر کۆڵەگەی ماددی و واتایی تاوانەکە، لەوانە هەڵسوکەوتی تاوانکاری، دەرئەنجامە تاوانکارییەکە ، زانین و ئیرادە. هەروەها پێداچوونەوە بە پەیوەندی هۆکارانەی نێوان هەڵە و دەرئەنجامی تاوانکاری دەکات بە شیکردنەوەی تیۆرییەکانی یەکسانیبوونی هۆکارەکان و هۆکاری گونجاو. لە کۆتایی توێژینەوەکەدا بە خستنەڕووی هەڵوێستی یاسای عێراق و ئەو سزایانەی کە بەسەر ئەو پزیشکانەدا سەپێنراوە کە ئەو جۆرە هەڵانە ئەنجام دەدەن. ئەم توێژینەوەیە ئامانجی پێشکەشکردنی دیدێکی یاسایی و ئەخلاقی هاوسەنگ و قووڵە سەبارەت بە هەڵەی پزیشکی و لێپرسینەوەی یاسایی.

# الملخص

يبحث هذا البحث في الأبعاد القانونية للخطأ الطبي وآثاره على المسؤولية الجنائية للطبيب في ظل القانون العراقي. يتناول القسم الأول تعريف الخطأ الطبي وتصنيف صوره المتعددة، مثل الإهمال، والرعونة، وعدم الاحتراز، ومخالفة القوانين والأنظمة. كما يناقش الأخطاء الناتجة عن الجوانب الإنسانية والمهنية في الممارسة الطبية، مثل عدم توضيح الحالة للمريض، وعدم الحصول على رضاه، وأخطاء التشخيص، والعلاج، والجراحة، وسوء المتابعة بعد العلاج.أما القسم الثاني، فيتناول أركان المسؤولية الجنائية الناجمة عن الخطأ الطبي، مع التركيز على العنصر المادي والمعنوي للجريمة، بما في ذلك السلوك الإجرامي، والنتيجة الضارة، والعلم، والإرادة. كما يستعرض العلاقة السببية بين الخطأ والنتيجة الإجرامية من خلال تحليل نظريتي تعادل الأسباب والسبب الملائم. ويختتم البحث بعرض موقف القانون العراقي والعقوبات التي تطال الأطباء في حال ارتكابهم مثل هذه الأخطاء. يهدف هذا البحث إلى تقديم رؤية قانونية وأخلاقية متوازنة ومعمقة حول الخطأ الطبي والمساءلة القانونية.

# *Abstract*

This study investigates the legal dimensions of medical error and its implications for the criminal responsibility of doctors under Iraqi law. The first section defines medical error and categorizes its various forms, such as negligence, recklessness, lack of precaution, and violation of regulations. It also addresses errors rooted in both human and professional aspects of medical practice, including insufficient patient communication, lack of consent, diagnostic mistakes, treatment errors, surgical faults, and inadequate post-treatment care. the second section explores the pillars of criminal responsibility resulting from medical errors, focusing on both the material and moral elements of the offense—criminal behavior, harmful outcome, knowledge, and intent. It further examines the causal link between the medical error and the criminal result, analyzing theories such as the equivalence of causes and the adequate cause theory. The study concludes by reviewing the position of Iraqi law and the penalties imposed on physicians for their errors. This research aims to provide a balanced and in-depth legal and ethical perspective on the issue of medical error and accountability.

# پێرست

پشتگیری سەرپەرشتیار ........ II
سوپاس و پێزانین ........ III
پێشکەش ........ IV
پوختە ........ V
الملخص ........ VI
Abstract ........ VII
پێرست ........ VIII
پێشەکی ........ 1
یەکەم : گرنگی توێژینەوە : ........ 1
دووەم : کێشەی توێژینەوە : ........ 1
سێیەم : چوارچێوەی توێژینەوە : ........ 2
چوارەم : میتۆدی توێژینەوە : ........ 2
پێنجەم : ئامانجی توێژینەوە : ........ 2
شەشەم : پلانی توێژینەوە : ........ 2
باسی یەکەم ........ 3
مەبەست لە هەڵەی پزیشکی ........ 3
تەوەرەی یەکەم ........ 3
پێناسەی هەڵەی پزیشکی و وێنەکانی ........ 3
لقی یەکەم ........ 4
پێناسەی هەڵەی پزیشکی ........ 4
لقی دووەم ........ 5
وێنەکانی هەڵەی پزیشکی ........ 5

یەکەم : هەڵەی تایبەتی : ........................................................................5
1/ کەمتەرخەمی ( أهمال ) :......................................................................5
2/هەڵەشەیی ( الرعونە ) :........................................................................6
3/ نەبوونی وریایی ( عدم الحتراز ) :.............................................................6
دووەم : هەڵەی گشتی : .........................................................................7
1/ سەرپێچیکردنی یاسا و سیستەم و ڕێنماییەکان :........................................7
تەوەرەی دووەم.....................................................................................7
ئەو هەڵانەی لایەنی مرۆڤانە و پیشەیی پزیشکی دەگرێتەوە.................................7
لقی یەکەم...........................................................................................8
ئەو هەڵانەی لایەنی مرۆڤانەی پزیشکی دەگرنەوە.........................................8
یەکەم : هەڵەی بەرچاو ڕوونی نەدان بە نەخۆش :.........................................8
دووەم : هەڵەی ڕەزامەندی وەرنەگرتنی نەخۆش :........................................9
لقی دووەم .........................................................................................11
ئەو هەڵانەی لایەنی هونەری کاری پزیشکی دەگرنەوە.....................................11
یەکەم : هەڵەکردن لە پشکنیندا : ...............................................................12
دووەم : هەڵەکردن لە دەستنیشان کردنی نەخۆشیدا :.....................................13
سێیەم : هەڵەکردن لە چارەسەرکردندا :.......................................................15
چوارەم : هەڵەکردن لە نەشتەرگەریدا :........................................................16
پێنجەم : هەڵەکردن لە چاودێریکردن و بەدواداچووندا : .................................17
باسی دووەم........................................................................................17
پایەکانی بەرپرسیارێتی تاوانکاری هەڵەی پزیشکیی......................................17
تەوەرەی یەکەم ...................................................................................18
هەڵەی پزیشکی ..................................................................................18
لقی یەکەم...........................................................................................18

كۆڵەگەی ماددی ......... 18
یەکەم : ڕەفتاری تاوانکاری :- ......... 19
دووەم : دەرئەنجامی تاوانکاری :- ......... 20
لقی دووەم ......... 21
كۆڵەگەی واتایی ......... 21
یەکەم : ویست ( الاراده ) :- ......... 21
دووەم : زانین ( علم ) :- ......... 22
تەوەرەی دووەم ......... 23
پەیوەندی هۆیەتی نێوان هەڵەی پزیشکی و دەرئەنجامی تاوانکاری ......... 23
لقی یەکەم ......... 24
تیۆرەکانی پەیوەندی هۆیەتی ......... 24
یەکەم : تیۆری یەکسانیکردنی هۆکارەکان : ......... 24
دووەم : تیۆری هۆکارییەتی گونجاو ( شیاو ) : ......... 25
لقی دووەم ......... 26
هەڵوێستی یاسای عێراقی ......... 26
لقی سێیەم ......... 27
سزای هەڵەی پزیشکی ......... 27
دەرئەنجام ......... 29
پێشنیار ......... 30
سەرچاوەکان ......... 31

## پێشەکی

ڕۆژانە لە هەموو کوونجێکی ئەم جیهانەدا بە هەزاران کەس بەهۆی پێشکەوتنی زانستی پزیشکی و هەوڵ و ماندوبوونی پزیشکە بەڕێزەکان ژیانیان لە مردن ڕزگار دەکرێت، ئومێد بۆ خۆیان و خانەوادەکانیان دەگەرێتەوە، ئەمەش وا دەکات مرۆڤایەتی لە دێر زەمانەوە قەرزاری زانستی پزیشکی و پزیشکەکان بێت، بەڵام بێگوومان لەلایەکی ترەوە ڕۆژانە سەدان کەسیش بە هۆی هەڵەی پزیشکی و کەمتەرخەمی هەندێك لە پزیشکان دووچاری ئازار و پەککەوتەیی دەبن، تەنانەت هەندێ جار دەگاتە ئاستی مردن، هەرچەندە پیشەی پزیشکی لە بناغەدا پیشەیەکی مرۆڤانەیە بەڵام پیشەیەکی مەترسیداریشە، چونکە هەر هەڵەیەك ڕوودات ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە ژیانی مرۆڤەوە هەیە، پیشەی پزیشکی وەکو هیچ پیشەیەکی تر نییە و نابێ بەسادەیی سەیر بکردرێ، هەموو پیشەیەك ئەگەر هەڵەی تێدا بکرێت ڕێگای چاکردنەوە و گۆڕینی تیایە بەڵام لە ئەنجامی هەڵەی پزیشکی دەکرێ ژیانێك بەتەواوی لەناو بچێت .

### یەکەم : گرنگی توێژێنەوە :

هەڵەی پزیشکی پرسێکی جیهانیە ساڵانە چەندەها کەس بە هۆی هەڵەی پزیشکیەوە گیان لە دەست ئەدەن، گەرچی هەڵەی پزیشکی زۆریشن کەمتر سکاڵا دەبردرێتە بەردەم دادگاکان ئەویش بەهۆی نەبوونی هۆشیاری قوربانیەکانی هەڵەی پزیشکی کە لە بارودۆخی ئاوا ئەتوانن سکاڵا تۆمار بکەن، هەر بۆیە ئەم توێژینەوەم وەکو بەرچاوڕونیەك بێت سەبارەت بەرپرسیارێتی پزیشك لەبەرامبەر ئەو هەڵانەی کە ئەیکات، تا بزانرێت ماڧ نەخۆش چییە لە کاتی دروست بوونی هەڵە ، و ئەرکی پزیشك کامەیە، و لە چیدا بەرپرسیارە، و لە چیدا بەرپرسیار نییە.

### دووەم : کێشەی توێژینەوە :

ئەم بابەتە لە بابەتە گرنگەکانەو، ڕۆژانە ئەم جۆرە کەیسانە دووبارە دەبنەوە، بە شێوەیەکی تایبەتی تر بۆ دیاریکردنی ئەوەی کە ئایە ئەو دەرئەنجامەی کەوتۆتەوە لەو کردارەی پزیشك بۆتە مایەی زیانگەیاندن بە نەخۆش، یان پەککەوتەی کردووە، یان بۆتە هۆی مردنی، ئایە ئەو ئەنجامە ئەنجامێکی چاوەڕوانکراوە، ئایە ئەگەر هەر پزیشکێکی ئاسایی ئەو کارەی بکردایە هەمان ئامانجی لێدەکەوتەوە، ئایە ئەو پزیشکە گرنگی بە کارەکەی و بەنەخۆشەکەی داوە وەك گرنگیدانی پزیشکێکی ئاسایی، چونکە هەر نەبوونی زانیارییە سەبارەت بەوانە کەگرفت دروست ئەکەن، گرفت لەوە دایە پزیشك نەزانێت چ کارێك هەڵەیە، چ ڕەفتارێك بەرپرسیارێتی دروست دەکات، و نەزانێ یاسا و ڕێنماییەکان ڕێگایان بەچی داوە، چیان قەدەغەکردووە، لەلایەکی تریش نەخۆش وا دەزانیت بە ڕۆشتنی بۆ نەخۆشخانە هەمیشە چاك ئەبێتەوە.

**سێیەم : چوارچێوەی توێژینەوە :**

لە چوارچێوەی توێژینەوەکە هەڵدەستین بە باسکردنی ئەوەی چ هەڵەیەك ئەبێتە هۆی بەرپرسیارێتی تاوانکاری پزیشك، و کام یاسا باسی هەڵەی پزیشکی کردووە، و لە کاتی هەبوونی هەڵەی پزیشکی چۆن مامەڵە لەگەڵ پزیشکە بەرپرسیارەکە دەکرێت، و سزای پزیشکە بەرپرسیارەکە چییە ئەوەش بە پشت بەستن بە یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (111) ی ساڵی 1969 هەموارکراو وە یاسای ژمارە (4)ی ساڵی 2020 ماف و ئەرکەکانی نەخۆش لە هەرێمی کوردستان – عێراق، و یاسای ژمارە (6)ی ساڵ 2000ی سەندیکای پزیشکانی هەرێمی کوردستان – عێراق.

**چوارەم : میتۆدی توێژینەوە :**

ئەم شێواز و میتۆدەی لە نووسینی ئەم توێژینەوە گیراوەتە بەر هەروەك ئاشکرایە میتۆدی (وەسفی و شیکاری)مان بەکارهێناوە، بەجۆرێك توێژەر شیکاریانە دەڕوانێتە بابەتەکە و شرۆڤەی دەکات بە پشت بەستن بە هەریەك لە مادەکانی یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (111) ی ساڵی 1969 هەموارکراو وە یاسای ژمارە (4)ی ساڵی 2020 ماف و ئەرکەکانی نەخۆش لە هەرێمی کوردستان – عێراق، و یاسای ژمارە (6)ی ساڵ 2000ی سەندیکای پزیشکانی هەرێمی کوردستان – عێراق.

**پێنجەم : ئامانجی توێژینەوە :**

ئامانجی سەرەکیم لەم توێژینەوەیە بە بەپشت بەستن بە چەندین سەرچاوەی زانستی و دەقی یاسایی بەمەبەستی گەیشتن بە دەرئەنجام تاکو بزانین تا چ رادەیەك ئەو دەقانەی لەیاسای سزادانی عێراقی وە یاسای ماف و ئەرکەکانی نەخۆش لە هەرێمی کوردستان – عێراق، وە یاسای سەندیکای پزیشکانی هەرێمی کوردستان – عێراق، هەیە پاریزگاری لە ماف نەخوش دەکات و دەرخستنی کەم وکوریەکان لەم یاسایانە بەمەبەستی پێشکەش کردنی چەند پێشنیاریك لە کۆتایی توێژینەوەکە.

**شەشەم : پلانی توێژینەوە :**

لە توێژینەوەکەم کە بەناونیشانی بەرپرسیارێتی تاوانکاری پزیشکە لە هەڵەی پزیشکی، هەڵساوم بە دابەشکردنی بۆ سەر دوو باس، کە هەریەکیان لە دوو تەوەرە پێك دێن، کە باسی یەکەم مەبەست لە هەڵەی پزیشکیە، لە تەوەرەی یەکەمیدا کە پێناسەو وێنەکانی هەڵەی پزیشکیی باسدەکەین، لەتەوەرەی دووەم ئەو هەڵانە باسدەکەین کە لایەنی مرۆڤانەو پیشەیی پزیشك دەگرنەوە، لە باسی دووەم باسی پایەکانی بەرپرسیارێتی تاوانکاری هەڵەی پزیشکی دەکەین، کە لە تەوەرەی یەکەمیدا هەڵەیی پزیشکی، و لە تەوەرەی دووەمدا باسی پەیوەندی هۆیەتی نێوان هەڵەی پزیشکی و دەرئەنجامی تاوانکاری دەکەین.

## باسی یەکەم

## مەبەست لە هەڵەی پزیشکی

هەڵە لەبواری پزیشکیدا کردارێکە ئەو کاتە دەردەکەوێت کە پزیشك لە ئەرکی پیشەیی خۆیدا سەرپێچی دەکات، وەك بایەخنەدان بە کارەکەی، وریانەبوون تیایدا، و ڕەچاونەکردنی بنەما زانستیەکان. واتە پزیشك بەرامبەر نەخۆشەکەی درێغی دەکات و گوێی پێنادات، و ئەگەر لەو ڕەفتارەی پزیشکەوە زیان بە نەخۆش بگات هەڵەی پزیشکی دروست دەبێت، چونکە دەبێت پزیشك پابەند بێت بەو یاسا و ڕێنماییە تەندروستیانەی کە پیشەی پزیشکی ڕێك دەخەن، جا بۆ ئەوەی بزانین پزیشك لە ئەرك و پیشەکەیدا چەند سەرپێچی کردووە، دەبێت بگەڕێینەوە بۆ پەرەنسیپە جێگرەکانی پیشەی پزیشکی و ئەو ڕێسایانەی لەو پیشەدا باون[1]. کرداری پزیشك کاتێك بە هەڵە دادەنرێت کە بە ویژدانێکی وریا و زیندووەوە بایەخ بە نەخۆشەکە نەدات، و ئەرکی خۆی ئەنجامنەدات، یان بایەخ پێدانەکەی بەپێی ڕاستییە زانستیەکان نەبێت کە ئەمەش هەڵەی پیشەییە، وەك پزیشك هەڵە دەکات لە دەستنیشانکردنی نەخۆش یان چارەسەرکردنی، بەڵام ئەگەر بگەڕێینەوە سەر هەڵەی ئاسای (ماددی) ئەو هەڵەیە پزیشك لەکاتی کار کردنیدا تێی دەکەوێت، لەڕوودانەکە هیچ پەیوەندی بە پرەنسیپی پیشەیی و هونەری نییە، هەڵەی ئاسای وەك لەبیرچوونی پارچە شاشێك یان هەر شتێك لە جەستەی نەخۆشەکە لەکاتی نەشتەرگەری. کە لەهەموو ئەم بار و شێوانەدا لێپرسینەوە لە پزیشك دەکرێت و بەرپرسیارێتی دەکەوێتە سەرشانی. دادوەری عێراقی لە بڕیاری دۆسیەی ژمارە 1236/ بەرواری 2002/8/28 ئاماژەی بەوە کردووە لە هەڵەی پزیشکیدا جیاوازی ناکات لەنێوان هەڵەی ماددی و هەڵەی پیشەیی لە هەردوو باردا پزیشك بەرپرسیار دەبێت، لەهەمان کاتدا دادوەر لەسەر ڕووداوێکی جێگیر بڕیار دەردەکات نەك لەسەر گومان[2]. هەربۆیە لێرەدا باسەکەمان دابەش دەکەین بۆ سەر دوو تەوەرە، کە یەکەمی تەوەرە تەرخاندەکەین بۆپێناسەکردنی هەڵەی پزیشکی و وێنەکانی هەڵەی پزیشکی، و تەوەرەی دووەم تەرخاندەکەین بۆ ئەو هەڵانەی لایەنی مرۆڤانە و پیشەیی پزیشکی دەگرنەوە.

## تەوەرەی یەکەم

## پێناسەی هەڵەی پزیشکی و وێنەکانی

لە ژێر ڕۆشنایی ئەم تەوەرەیە کە دابەشی دەکەین بۆ دوو لق، لقی یەکەم تەرخاندەکەین بۆ پێناسەکردنی هەڵەی پزیشکی و قسەکردن لەبارەی ئەوەی ئایە یاسادانەری عێراقی پێناسەی هەڵەی پزیشکی کردووە یان نا، و یاسای سزادانی عێراقی چی ئاماژە پێکردووە سەبارەت بە هەڵەی پزیشکی، و لقی دووەم تەرخاندەکەین بۆ وێنەکانی هەڵەی پزیشکی کە بریتین لە کەمتەرخەمی، هەڵەشەیی (الرعونە)، نەبوونی وریایی (عدم حتراز)، سەرپێچیکردنی یاسا و سیستەم و ڕێنماییەکان.

---

[1] عبدالفتاح بيومى حجازى، المسؤولية الطبية، الطبعة الأولى، دار الفكر الجامعى، مصر-الاسكندرية، ٢٠٠٧، لا ١٥٧ .

[2] کەمال حەسەن مەجید، هەڵەی پزیشکی و بەرپرسیارێتی یاسای، چاپی یەکەم، کتێبخانەی یادگار، سلێمانی، ٢٠١٨،لا١٢،١٣

## لقی یەکەم

## پێناسەی هەڵەی پزیشکی

هەڵەی پزیشکی بریتیە لەوەی پزیشك ئەرکەکانی سەرشانی ئەنجام نەدات، وەك بەو شێوەی پیشەی پزیشکی دەیخوازێت و سەپاندویەتی، یان سەرپێچی کردنە لە ڕەفتاری پزیشکی ئاسایی[3]. یاسادانەری عێراقی هەروەك زۆربەی یاسادانەرانی تری فەڕەنسی و میصری پێناسەی هەڵەی پزیشکی نەکردووە بەڵام لە ڕێنماییەکانی ڕەفتاری پیشەیی سەندیکای پزیشکانی عێراقی کۆمەڵێك هەڵەی پزیشکی دیاری کردووە کە سەندیکا بە پشت بەستن بە بڕگەی یەکەمی ماددەی (22)ی یاسای ژمارە (81)ی ساڵی 1984کە لە دانیشتنی (8)دا لە 1985/5/19 بڕیاری ژمارە (6)ی دەرکرد ئەویش ئەم ڕێنماییانە بوون:- ، 1- سروشتی بەرپرسیارێتی پزیشك: کە پزیشك بەرامبەر نەخۆش بەرپرسیارێتی چاودێری کردنە نەك بەرپرسیارێتی چاکبوونەوە، و بەرپرسیارە لە بەرامبەر هەموو ئەو ئامێر و کارانەی کە بەرامبەر نەخۆش بەکاری دەهێنێ و دەیکات، بەرپرسیارە لە ئەنجامی هەر درێغی کردنێك کە بەهۆی پەلەکردنەوە بێت، گوێ پێنەدان، هەڵەشەیی یان بەهۆی نەزانینی ئەو شتانەوە بێت کە دەبێت هەموو پزیشکێك بیزانێت.

2 -بەرپرسیارێتی لە دەستنیشانکردنی نەخۆشیدا: پزیشك بەرپرسیار نییە لە هەڵەی دەستنیشانکردنی نەخۆشیدا ئەگەر سەلماندی پەنای بردۆتە بەر هەموو هۆکارە پزیشکییە ئوسولیەکان، یان ئەو ئامرازانەی لە دەڤەرەکەیدا هەبووە بەکاری هێناوە، بەڵام بەرپرسیارە لەو هەڵانەی لەئەنجامی گوێ پێنەدانی ئەنجامی پشکنینی تیشکی و تاقیگەیی ڕوودەدات.

3 -بەپرسیارێتی لە چارەسەرکردندا: دەبێت چارەسەرکردن لەسەر بنچینەی دەستنیشانکردن بێت و، هەموو ڕاستیەکانی دەرمانەکە بزانێت، و لەچەند حاڵەتێ لێرە بەپرسیار دەبێت پزیشك ئەویش ئەگەر هاتوو هەڵسا بە ئەنجامدانی کارێك پێویست نەبوووە تەنیا مەبەستی تاقیکردنەوە بووە لەسەر مرۆڤ، وە لەو زیانانەی لە ئەنجامی تیشك و دەرزیدان لەدەرەوەی دەمار،و گواستنەوەی خوێن، لەبیرچوونی ماددەیەك لە جەستەی نەخۆش، زیانەکانی کە لە ئەنجامی چاودێری نەکردنی تەواوی نەخۆش دەکەوێتەوە، هەروەها وەرنەگرتنی ڕەزامەندی نەخۆش لەسەر نەشتەرگەری و ڕوون نەکردنەوەی مەترسی نەشتەرگەریەکە، درێغی کردن لە ڕاوێژکردنی پێویست لە کاتی گونجاو، و درێغی کردن لە پاکژکردنەوەی ئامێرە بەکارهاتووەکاندا.

4 -بەرپرسیارێتی و پسپۆڕیی: پسپۆڕی ئەوەیە پزیشکێك لە بوارێکدا شارەزایی پەیدا دەکات نابێت سنوری توانای خۆی ببەزێنێ، چونکە ئەوکات بەپرسیار دەبێت لە ئەنجامە خراپەکانی کارەکەی[4].

---

[3] عبدالصبور عبدالقوي علي مصري، جرائم الاطباء و المسؤولية الجنائية و المدنية عن الاخطاء الطبية، الطبعة الأولى، دار العلوم للنشر و التوزيع، مصر،٢٠١١، لا ١٤٧.

[4] لقمان فاروق حسن نانەکەلی، المسؤولية القانونية في العمل الطبي دراسه مقارنه بين القانون و الشريعه، الطبعه الاولى، منشورات زين حقوقية، لبنان، ٢٠١٣، لا ٣٢.

وه هەروەها لە یاسای ماف و ئەرکەکانی نەخۆش پشت بەستن بە ماددەی (١) بڕگەی یازدە وا پێناسەی هەڵەی پزیشکی کردووە: (ئەو ئاڵۆزکانە نەخوازراوانەیە کە لە ئەنجامی هەر کەمتەرخەمیەکی پیشەیی یان تەکنیکی یان ناشارەزایی یان پشتگوێخستن ڕوودەدات، و لەگەڵ ڕێساکانی دەستدانە پیشەی پزیشکی و چارەسەریی ناگونجێت و دەبێتە هۆکارێك بۆ زیان گەیاندن یان دروستبوونی پەککەوتەیی یان مردنی نەخۆش)[5].

## لقی دووەم

## وێنەکانی هەڵەی پزیشکی

دوو جۆرە وێنەی هەڵەی پزیشکیمان هەیە : وێنەی هەڵەی گشتی، وێنەی هەڵەی تایبەتی. وێنەی هەڵەی تایبەتی کە بریتین لە کەمتەرخەمی، هەڵەشەیی، نەبوونی وریایی. و وێنەی هەڵەی گشتی بریتیە لە سەرپێچیکردنی یاسا و سیستەم و ڕێنمایەکان[6]. یاسادانەری عێراقی لە ماددەکانی (35 و 411 و 416)ی یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (111)ی ساڵی 1969ی هەموارکراودا چەند جۆرێك لە جۆرەکانی هەڵەی دیاریکردووە، کەئەمانەی خوارەوەن : (کەمتەرخەمی، هەڵەشەیی، بێئاگایی، خەمنەخواردن، ڕەچاونەکردنت یاسا و سیستەم و ڕێنماییەکان).دەتوانین بڵێین هەموویان شتێك دەگرنەوە ئەویش کەموکورتی و کەمتەرخەمییە، لەماددەی (35 )یاسای سزادانی دەڵێت : ( تاوان بە ئەنقەست دانانرێت ئەگەر ئەنجامی تاوانکاری بێتەدی بەهۆی هەڵەی بکەرەوە، ئیتر ئەو هەڵەیە لە کەمتەرخەمی، یان هەڵەشەیی، یان بێئاگایی، یان خەمنەخواردن، یان ڕەچاونەکردنی یاساو سیستەم و پێڕەو فەرمانەکان بوو).

### یەکەم : هەڵەی تایبەتی :

#### *1*/ کەمتەرخەمی ( أهمال ) :

کەمتەرخەمی پشتگوێخستنی ئەو کارەیە کە پێویستە کەسی وریا ئەنجامی بدات، کە ئەمەش لە شێوەی ڕەفتاری نەرێنیدا دەردەکەوێت. یان کەمتەرخەمی ئەوەیە تاوانبار خۆی لابدات لە کردنی کارێك کە ئەرکی وریای دەیخوازێت بیکات تا ئەنجامی تاوانکاری ڕوونەدات، هەر بۆیە کەمتەرخەمی ڕەفتارێکی نەرێنییە بۆ چالاکییەکی ئەرێنی کە خۆی لە جێبەجێنەکردنی

---

[5] یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٢٠ ماف و ئەرکەکانی نەخۆش لە هەرێمی کوردستان – عێراق،لا٢.

[6] منير رياض حنا، المسؤلية الجنائية للأطباء و الصيادلة، الطبعة الأولى، دار المطبوعات الجماعية، مصر، ١٩٨٩، لا ٢٨.

**ئەرکێکدا دەبینێتەوە کە دەبێت هەموو کەس لەو دۆخەدا ئەنجامی بدات و دەبوو بە ڕێوشوێنێکی خۆپارێزی تەواو بکرایە کە سەرەڕای ئەوەش کەمتەرخەم بوو لە ئەنجامدانی[7].**

**لە بواری پزیشکیدا کەمتەرخەمی کاتێك ڕوودەدات کە پزیشك ڕێوشوێنی پێویست ناگرێتەبەر بۆ ئەوەی ئەو ئەنجامە نایاساییە ڕوونەدات، چونکە ئەگەر ئەم ڕێوشوێنە گیرابایە بەر ئەنجامێکی زیانبەخشی لێ نەدەکەوتەوە. نموونەی کەمتەرخەمی وەك: کەمتەرخەمی لە پشکنینی تەواو پێش دەستێوەردانی پزیشکی، یان بەجێهێشتنی پارچە شاشێك لە برینی نەخۆشدا لە کاتی نەشتەرگەریدا، کە ئەو کردەوە ناڕەوایە هەڵسوکەوتێکی خۆویستیە کە دەبێتە هۆی هێنانەدی ئەنجامێکی زیانبەخش کە تاوانبار پێشبینی کارەکەی دەکرد، یان دەبوایە پێشبینی بکردایە، نەمەبەستی بوو ڕوو‌بدات، نە پەسەندیشی بوو ئەگەر پزیشکەکە وریا بوایە ئەوە ڕووی نەدەدا[8].**

## 2/ هەڵەشەیی ( الرعونە ) :

**هەڵەشەیی واتە : نەبوونی لێهاتن و، کەمیی ڕاهاتن و، خراپیی مەزەندە کردن.**

**مەبەست لە هەڵەشەیی نەبوونی دەرککردن و شارەزایی کاروباری هونەری و پیشەیی و، نەبوونی هاوسەنگییە لە کاردا، واتە خراپ مەزەندەکردنی ئەنجامی کارە یان نەبوونی سەلیقەیە، یان نەزانین و لێنەهاتنە، هەڵەشەیی ڕەفتارێکی ئەرێنیە، تاوانبار کارێك ئەنجام ئەدات بە مەترسی دانراوە، بەڵام کەسەکە ئەو مەترسیە مەزەندە ناکات و، دەرك بەو ئەنجامە ناکات کە بە پێی یاسا سزای لەسەرە[9]. لە پزیشکیدا هەڵەشەیی بریتییە لە هەڵسوکەوتی خراپ و هەڵنەسەنگاندنی دۆخەکە وەك ئەو شێوازە ئاساییەی کە دەکرێ بۆ چاودێری نەخۆش، و ئەو کارە مەترسیدارەیە کە پزیشکەکە بە سوکی وەریدەگرێت، درك ناکات لە ئەنجامی ئەوە چ ئاڵۆزییەکی توند و ئازاربەخش بۆ نەخۆشەکە دەکەوێتەوە، ئەوەش بە هۆی نەبوونی ئەزموون و زانیاری ئەو پزیشکە کە پێی وایە زیرەکی باڵایە، لە ئەنجامدا دەگاتە خۆ دزینەوەی لە نەخۆشەکە و داننەنان بە هەڵەکەیدا[10]. نموونەی هەڵەشەیی وەك: نووسینی دەرمانێك بەهەڵە ببێتە هۆی مردنی نەخۆشەکە، یان نەشتەرگەریکردن لە کاتێکدا ئامێرەکان پاکژ نەکرابنەوە لە ئەنجامی ژەهراویبووندا نەخۆشەکە بمرێت[11] .**

## 3/ نەبوونی وریایی ( عدم الحتراز ) :

**هەموو تاکێك دەبی پێشبینی ڕەفتارەکانی خۆی بکات وریابێت، بۆ ئەوەی پارێزراو بێت و، لەو ڕەفتارەی ئەنجامی نایاسای نەکەوێتەوە، ئەگەر تاوانکار چاوەڕوان بێت کردارەکەی ئەو ئەنجامە زیانبەخشەی لێ بکەوێتەوە، و هەوڵ نەدات ڕێگری بکات**

---

[7] صفوان محمد شديفات، المسؤولية الجنائية عن الأعمال الطبية، الطبعة الأولى، دار الثقافة للنشر و التوزيع، قاهرە-مصر، ٢٠١١، لا ٢٠٤.

[8] کەمال حەسەن مەجید، سەرچاوەی پێشوو، لا ١٠٢

[9] صفوان محمد شديفات، سەرچاوەی پێشوو ، لا ٢٠٦.

[10] بن فاتح عبدالرحيم، المسؤولية الجنائية للطبيب، الطبعة الأولى، كلية حقوق و العلوم السياسية قسم حقوق،جامعة محمد خيضر، الجزائر،٢٠١٤-٢٠١٥، لا ٤٦.

[11] کەمال حەسەن مەجید، سەرچاوەی پێشوو، لا ١٠٣.

**له دروست بوونی ئەو ئەنجامە، ئەوە پارێزنەکردنی ئەنجام داوە، کە بنچەکانی ئەرکەکانی وریایی و خۆپارێزی پێشل دەکات، لێرە تاوانکار سروشت و پێکهاتەی ڕەفتارەکانی و ئەو زیانەش کە  بە یاسای دەگەیەنێت دەزانێت واتە مەترسی کارەکەی دەزانێت و پێشبینی دەکات کە لەوانەیە دەرئەنجامی ترسناکی لێدەکەوێتەوە ، لەگەڵ ئەوەشدا تا کۆتای لەسەر ئەو ڕەفتارەی بەردەوام دەبێت تا دەرئەنجامەکەی لێ دەکەوێتەوە، هەر بۆیە نەبوونی وریایی چالاکیەکی ئەرێنییە کەسەکە ئەرکێکی یاسایی پێشیەڵ دەکات[12]. نموونەی نەبوونی وریایی وەك: دەرکردنی نەخۆش لە نەخۆشخانە پێش تەواوکردنی ماوەی تەواوی چارەسەرکردنی[13].**

## دووەم : هەڵەی گشتی :

### *1/* سەرپێچیکردنی یاسا و سیستەم و ڕێنماییەکان :

**مەبەست لە سەرپێچیکردنی یاسا و سیستەم و ڕێنماییەکان ئەوەیە ڕەفتاری تاوانبار بە باری ئەرێنی، یان نەرێنی پێچەوانەی ڕێسا فەرمیەکان بێت کە لەلایەن دەوڵەتەوە دەرچوونە، جا ئەو ڕێسا فەرمیانە چ یاسا، یان سیستەم، یان ڕێنمایی بن[14]. جا ئەگەر ڕەفتاری پزیشك جووتی ئەو ڕێسایانە نەبوو کە بە پێی یاسا و ڕێساکان دەبێت بگرێتە بەر ئەوە لێرەدا بەرپرسیار دەبێت لەبەرامبەر ئەوەی کە سەرپێچیکردنی یاسا و ڕێنمایەکان کە ئەوەش خۆی لە خۆیدا تاوان دروست دەکات، وە بەرپرسیار دەبێت بەرامبەر ئەنجامە زیانبەخشەکە، کە بەهۆی سەرپێچیەکەی ئەنجامی زیانبەخش دروست بوو چونکە ئەگەر سەرپێچیەکە نەبوایە تەسەوری ئەم زیانە نەدەکرا، چونکە پزیشك سەرپێچی ئەو ڕێسایانەی کردووە کە هێزی پابەندبوونی یاساییان هەیە، کە  بەهۆی ئەوەش زیان دەکەوێتەوە و لەبەرامبەر ئەو زیانەش بەرپرسیارێتی بۆ دروست ئەکات، هەر لەبەر ئەوەشە کە بە وێنەی هەڵەی گشتی دانراوە[15].**

## تەوەرەی دووەم

## ئەو هەڵانەی لایەنی مرۆڤانە و پیشەیی پزیشکی دەگرێتەوە

**ئەو تەوەرە دابەش دەکەین بەسەر دوو لق، کە لقی یەکەمیان باسی ئەو هەڵانە دەکەین کە لایەنی مرۆڤانەی پزیشکی دەگرنەوە، لقی دووەمیان باسی ئەو هەڵانە دەکەین کە لایەنی هونەری (پیشەی) کاری پزیشکی دەگرنەوە.**

---

12 صفوان محمد شديفات، سەرچاوەی پێشوو، لا ٢٠٧.

13 کەمال حەسەن مەجید، سەرچاوەی پێشوو،لا ١٠٤

14 بن فاتح عبدالرحيم، سەرچاوەی پێشوو، لا ٤٨

15 أمير فرج يوسف، خطأ الطبيب العمدي و غير العمدي، الطبعة الأولى، المكتب الجماعي حديث، مصر- الاسكندرية، ٢٠١٠، لا ٦٨.

# لقی یەکەم

## ئەو هەڵانەی لایەنی مرۆڤانەی پزیشکی دەگرنەوە

کاری پزیشکی جۆرێکی تایبەتە، لە پیشەکانی دیکەدا شێوەی نییە، مومارەسەکردنێکی هونەریە، ئامانجی خزمەتکردنی مرۆڤایەتییە، پزیشك شایانی ئەو متمانەیە کە نەخۆشەکەی پێی دەبەخشێت، بۆیە دەبێت ڕێزی نەخۆشەکەی بگرێت و بایەخی تەواوی پێبدات، بە چاوپۆشی لەوەی هەر ئایین و ڕەگەز و بیروبۆچوونێکی سیاسی هەیە، لەبەر ئەوەی پزیشك بە ویست و ئارەزووی خۆی ئەو پیشەی هەڵبژاردووە، بۆیە دەبێت پابەند بێت بە پەرەنسیپ و ئاکار و نەریتەکانی پزیشکییەوە، کە لە پەنای خزمەتکردنی مرۆڤایەتیدا دەستکەوت ماددی بەشێکی لاوەکییە، هەڵبژاردنی ئەم پیشەیە دەخوازێت ڕەفتار و هەڵسوکەوتەکانی نموونەی بەرز و باڵا بن و، لەکارەکەیدا شارەزا بێت و، هەموو توانای خۆی بەخەرج بدات و، چونکە مومارەسەکردنی کاری پزیشکی بەتەنیا زانست و تەکنیك و شارەزایی پیشە نییە، بەڵکو بەشێکی گرنگی پێویستیە مرۆڤایەتیەکان لەخۆ دەگرێت، چونکە کاری پزیشك پەیوەندی بە جەستەی مرۆڤەوە هەیە کە جێگای ڕێزە و ناکرێت بەبێ ئامانجێکی ڕەوا دەستکاری بکرێت[16]، هەر بۆیە لەم لقەدا هەڵدەستین باسی ئەو هەڵانە دەکەین کە پەیوەندی بە لایەنی مرۆڤانەی پزیشك هەیە :

### یەکەم : هەڵەی بەرچاو ڕوونی نەدان بە نەخۆش :

کاتێك نەخۆشێك بۆ چارەسەر دەچێتە لای پزیشکێك، لەوانەیە بۆ دەستنیشانکردنی نەخۆشیەکەی بیخاتە بەردەم چەندین جۆری پشکنین، بۆیە پزیشك ناتوانێت بەبێ ڕەزامەندی نەخۆش هیچ کارێکی پزیشکی ئەنجام بدات، کەواتە دەبێ بەرچاوڕوونی بدات بە نەخۆش لەبارەی مەترسیەکانی نەخۆشیەکەی و ئەو چارەسەرەی بەنیازە بۆی بکات، ئەوکات نەخۆش بە بەرچاوڕوونی و ئاگەداریەوە بڕیار دەدات چارەسەری بۆ بکرێت یان نەکرێت. ڕاگەیاندنی ڕاستیەکانی نەخۆشی و چارەسەرەکەی بە شێوەیەکی زانستی و مرۆڤ دۆستانە بێت، وەك: 1- سروشتی ئەو مەترسیەی توشی نەخۆش دەبێت چەندە پێویستە پەلەی تێدا بکرێت، باری دەروونی نەخۆشەکە چۆنە، ئاسەوار و ئەنجامی چارەسەرەکە چی دەبێت، و ئەگەر چارەسەری بەکار نەهێنا ئەلٹەرناتیفی چییە، 2-دەبێت باری دەروونی نەخۆش ڕەچاو بکات و، بە نەرمونیانی لەگەڵیدا ئاخاوتن بکات، ئارامی و ئۆقرەیی بخاتە دڵی نەخۆشەکە، 3- دەبێت دەستەواژەی ڕوون و ئاسان بەکاربهێنێ تا نەخۆش لێی تێ بگات، 4- دەبێت ڕەوشی تەندروستی نەخۆش لەبەرچاو بگرێت، بەتایبەت لە کاتی چاوەڕوانکردنی مردنی نەخۆشەکە، باشتر وایە خێزانی نەخۆشەکە ئاگەدار بکاتەوە.[17] ئاگەدارکردن و بەرچاوڕوونی پێدان بە نەخۆش لەبارەی نەخۆشیەکەیەوە و ئەو ئەنجامەی لێی دەکەوێتەوە لەلایەکەوە دیاردەیەکە لە دیاردەکانی ڕێزگرتنی مرۆڤایەتی نەخۆش، لە لایەکی دیکەوە

---

[16] أمیر فرج یوسف، سەرچاوەی پێشوو، لا ٢٢٧.

[17] علي حسام غصن، الخطأ الطبي، الطبعة الثاني ، دار زين الحقوقية، لوبنان – بيروت ٢٠١٠، لا ١٠٢.

هاوسەنگی نێوان پیشەیی و بەکاربەر بەدی دەهێنێ، بەڵام لە گرێبەستی پزیشکی دا سەرەڕای پاراستنی هاوسەنگی وەك وریا کردنەوەیەکی پێشوەختی ئەو مەترسی و سودانەیە کە چاوەڕوان دەکرێت لە چارەسەرەکە بکەوێتەوە، لەبەر گرنگی و بەرچاوڕونیدان لەکاری پزیشکیدا (قەزای) دادوەریی فەرەنسی بایەخێکی تایبەتی پێداوە، دادگای تێهەڵچونەوەی (لیۆن) دووپاتی ئەوەی کردۆتەوە پێش ئەوەی پزیشك هیچ دەست تێوەردانێکی چارەسەرکردن بکات پابەندە بە ئاگەدار کردنەوەی نەخۆش لە ڕەوشی نەخۆشیەکەی و ئەو ئەنجامەی لەچارەسەرکردنەوە بەدەست دێت[18]. ئەگەرچی یاسادانەری عێراقی نەچووە بەلای بەرچاوڕون کردنی نەخۆشدا، ئەوەش لە خۆیدا درێغی و کەموکورتی یە لەیاسای تەندروستی عێراقدا، بەڵام لە بڕیارەکانی دادوەری دادگای پێداچوونەوەی عێراق ڕای دادوەری لەم بارەوە ڕووندەکاتەوە، لە بڕیاری ژمارە (417/م1 گواستراوە/2001) لە 12/5/2001 دەڵێت( ئەگەر پزیشك نەخۆشەکەی ئاگەدار ئاگەدار نەکردەوە لەوەی پاش نەشتەرگەری چۆن خۆی لە ئاسەوارە لاوەکیەکانی نەخۆشیەکە بپارێزێت، ئەوە بەرپرسیارێتی دەکەوێتە ئەستۆی پزیشك) لێرەدا بڕیاری دادوەریی بەرچاوڕوونی نەدانی بە هەڵە داناوە و بەرپرسیارێتی خستۆتە ئەستۆی پزیشکەوە چونکە بەهەڵەیەکی مەترسیدار دادەنرێت لە بارودۆخێك گەر کەسی نەخۆش بەرچاوڕوونی پێ نەدرا لە مەترسی و دەرئەنجامەکانی نەخۆشیەکەی لەوەیە ببێتە هۆی پەککەوتنی هەمیشەی یان لاوەکی، یان ببێتە هۆی مردنی نەخۆشەکە کە ئەوەش وا دەکات بەرپرسیارێتی تاوانکاری لەسەر شانی پزیشك دروست بکات، وەهەروەها لە ڕێنمایەکانی ڕەفتاری پزیشکیدا دەڵێ: لەم بارانەدا پزیشك بەرپرسیارە: بەرپرسیارێتی لە ئاگادار کردنەوە لە مەترسی و سەرەنجامی نەخۆشیەکە، پزیشك بەرپرسیارێتی هەڵەی دەکەوێتە ئەستۆ ئەگەر نەخۆشەکەی لە مەترسی نەخۆشیەکەی ئاگەدار نەکردەوە، مەگەر بسەلمێنێ لە کاتی ئاگەدارکردنەوەی نەخۆشەکەدا نەخۆشەکە کارێکی نا پەسەند دەکات، یان زیان بە بەرژەوەندی کەسانی دیکە دەگەیێنێت، ڕێنمایەکانیش بەرچاوڕوونی پێدانی نەخۆشی کردۆتە ئەرکی پزیشك و ئاگەدار نەکردنەوەی بە هەڵە داناوە تەنیا لەو کاتە نەبێت کە نەخۆشەکە کارێکی نا پەسەند بکات یان زیان بە بەرژەوەندی کەسانی تر بگەیێنێت[19].

## دووەم : هەڵەی ڕەزامەندی وەرنەگرتنی نەخۆش :

بۆ دەست بەکاربوونی پزیشك لەکارەکەیدا، ڕەزامەندی وەرگرتنی نەخۆش مەرجێکی بنەڕەتی یە، هەموو کارێك بە بێ وەرگرتنی ڕەزامەندی نەخۆش یان نوێنەرەکەی بە دەستدرێژی دادەنرێت بۆ سەر نەخۆش. یاسا نێودەوڵەتییەکان مافیان بە مرۆڤ داوە کەس نەتوانێت دەستدرێژی بکاتە سەر جەستەی، چونکە مافی تایبەتی کەسەکەیە لەوانەش کۆنگرەی نێودەوڵەتی بۆ مافەکانی مرۆڤ کە لە 22ی نیسان تا 13ی ئایاری ساڵی 1968 لە تاران گرێدراو، کۆنگرەی کۆمەڵەی نێودەوڵەتی سزاکان لە ئەیلوولی 1978 لە هامبورگ لە ئەڵمانیا گرێدرا تایبەت بوون بە ڕێزگرتنی مافی مرۆڤ، بە تایبەت پاش زۆربوونی ئەو

---

[18] محمد حسن قاسم، أثبات الخطأ فی مجال طبي، الطبعة الأولى ، دار الجماعه الجديدة، مصر – الاسكندريه، ٢٠٠٦، لا ١٧٠.
[19] لقمان فاروق حسن نانەکەلی، سەرچاوەی پێشوو، لا ١٤٨.

**مەترسییانەی بە هۆی پێشکەوتنی زانستی و تەکنەلۆژیاوە دروست بوون[20]. مرۆڤی ئازاد مافی پیرۆزی هەیە بەسەر جەستەیدا کە بەبێ ڕەزامەندی ئەو ناکرێت هیچ کەسێك ئەو مافەی پێشیەڵبکات، هەر هێرشێك بۆ سەر ئازادی نەخۆش یان مافەکانی بەسەر جەستەیدا تەنانەت ئەگەر پاڵنەرێك لە پێناو بەرژوەندی نەخۆشەکە بێت بەرپرسیارێتی لەسەر ئەو کەسە دروست دەکات کە ئەنجامی داوە. بەشێوەیەکی گشتی بۆ ئەوەی پزیشکێك نەشتەرگەری ئەنجام بدات، پێویستە ئاماژە بە ڕەزامەندی نەخۆش بکات لەسەر پەڕاوێك بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە، چونکە ئەگەر ڕەزامەندی نەخۆشەکە وەرنەگرێت بەرپرسیار دەبێت لە ئەنجامی ئەو مەترسیانەی کە لە ئەنجامی چارەسەرکردنەکەدا سەرهەڵدەدات تەنانەت ئەگەر بچوکترین هەڵەشی نەکردبێت لە ئەنجامدانیدا، ڕەزامەندی دەبێت لەلایەن خودی نەخۆشەکەبێت ئەگەر بتوانێت هەستەکانی خۆی دەربېڕێت و لە ئاگایی تەواودا بێت، ئەگەر خودی نەخۆشەکە نەیتوانی ڕەزامەندی دەربېڕێت وەك ئەوەی منداڵ بوو یاخود شێت بوو ئەوە ڕەزامەندی سەرپەرشتاری ئەو نەخۆشە پێویست دەبێت، لەکاتێ کەوا نەخۆشەکە نەشتەرگەری ئەکرێت دەرکەوت کەوا نەخۆشەکە نەخۆشیەکی تری مەترسیداری هەیە پێویستی بە چارەسەری دەستبەجێیە، لێرەدا دەکرێ پزیشك بێ ڕەزامەندی نەخۆش چارەسەرەکە ئەنجام بدات، دەسەڵاتی دادوەری یەکلایی کردۆتەوە کە پزیشك مافی ئەوەی هەیە ئەم چارەسەرە ئەنجام بدات بەبێ ئەوەی پێویستی بە ڕەزامەندی نەخۆشەکە هەبێت، هەر کاتێك ڕەزامەندی نەخۆشەکە وەرگیرا مانای ئەوە نییە کە پزیشك لە بەرپرسیارێتی بەخشراوە بەڵکو بە پێی یاسا هەر لێپرسینەوەی لێدەکرێت، چونکە رەزامەندی نەخۆش مانای ئەوە نییە کە پزیشك ئیتر بەخشراوە لەهەر دەرئەنجامێك کە دەکەوێتەوە، چونکە رەزامەندی نەخۆش پاساوێك نییە بۆ ئەوەی پزیشك هەر کارێك ئەنجام بدات[21].**

**لە پرۆژەی ڕەفتاری پیشەیی پزیشکیی عێراقی لە بەندی چوارەم/برگەی 3 دەڵێ : ( لە کاتی پێویستبونی دەستێوەردانی نەشتەرگەری بۆ چارەسەرکردن پێویستە ڕەزامەندی نەخۆشی هۆشیاری پێگەشتوو لە بارەی نەشتەرگەریەکەوە بە نوسراویی لەسەر پەڕاوێکدا وەرگیرابێت). ڕێنمایەکانی ڕەفتاری پیشەی پزیشکی بڵاوکراوەی ئەنجومەنی سەندیکای پزیشکان پشت بەستو بە حوکمی ماددەی (22/1)ی یاسای ژمارو (81)ی ساڵی 1984ی ساندیکای پزیشکان دەڵێ : ( خۆبواردن نییە لە ڕەزامەندی وەرگرتنی نەخۆش کاتێك توانای دەربڕینی ڕەزامەندی هەبێت، پزیشك بۆی نییە تەحەدای ئارەزوی نەخۆش بکات) [22].**

**یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (111)ی ساڵی 1969 لەماددەی (41) دا دەڵێت : ( ئەگەر کردارێك کراو بەکارهێنانی ماف بوو بەپێی یاسا بە تاوان دانانرێت، ئەمەش بە بەکارهێنانی ماف دادەنرێت)، و لە برگەیی ( 2) دەڵێت : پرۆسەی نەشتەرگەری و چارەسەر کردن لەسەر بنەمای هونەری بێت و بە ڕەزامەندی نەخۆش یان نوێنەرە یاساییەکەی ئەنجام بدرێت، یان بە بێ ڕەزامەندی ئەوان لە کاتێ ناچاری و پەلەدا ) . دەبێت ڕەزامەندی دەربڕینەکەش بە بەرچاوڕونییەوە بێت بەوەی نەخۆشەکە**

---

[20] أسامة رمضان الغمری، لوائح و قوانين ممارسة الطب و الخطاء المهنية للأطباء، الطبعة الأولی، دار الكتب القانونية، مصر، ٢٠٠٩،لا٤٨.

[21] موفق علي عبيد، المسؤولية الجزائية للأطباء و الصيادلة، الطبعة الأولی ، دار المطبوعات الجماعية، مصر، ١٩٨٩، لا ٤٠.

[22] لقمان فاروق حسن نانەکەلی، سەرچاوەی پێشوو، لا ١٥١.

ڕەوشی تەندروستی خۆی بزانێت و ، بشزانێت چ کارێکی پزیشکی بۆ ئەنجام دەدرێت و ، ئەنجامەکەشی چی دەبێت. ماددەی (91)ی یاسای تەندروستی گشتی ژمارە (89) ساڵی 1981ی هەموارکراودا دەڵێ : ( نابێت بەبێ ڕەزامەندی وەرگرتنی خودی نەخۆش - ئەگەر هۆشیار بێت - هیچ نەشتەرگەریەکی بۆ بکرێت ، ئەگەر نەخۆشەکە بێهۆش بوو ، یان ناکام بوو ڕەزامەندی خزمێکی وەردەگیرێت، بەڵام ئەگەر باری ژیانی نەخۆشەکە لە مەترسی مردندا بێت، بۆ ڕزگارکردنی ژیانی نەخۆشەکە بەبێ وەرگرتنی ڕەزامەندی نەشتەرگەری بۆ دەکرێت ).

د.عادل علی المقدادی وایدەبینێت دەکرێت پزیشك لە بەدەستهێنانی ڕەزامەندی نەخۆش و کەسوکاری ببەخشرێت و، هەڵسوکەوتەکەشی بە هەڵە دانەنرێت ئەگەر ڕەوشی نەخۆشەك مەترسیدارو بەپەلە بێت، بە مەرجێك حاڵەتی نەخۆشەکە دواخستن هەڵنەگرێت. ئەگەرچی بنچینەیەکی گشتی ڕەزامەندی وەرگرتنی نەخۆش و ڕەزامەندی کەسوکارەکەی پێویستە ، بەڵام لە هەندێك باردا ڕەزامەندی وەرگرتن پێویست نییە وەك : ڕێکاری خۆپاراستنی تەندروستی و ، کوتان و ، ڤاکسینی تەوزیمی ، یان لەو بارانەدا بەرژەوەند گشتی دەیخوازێت، وەك نەخۆشیە درمەکان، کە بڵاوبونەوەیان هەرەشەن بۆسەر کۆمەڵگە و تەندروستی گشتی، لەبەر ئەوەی بەرژەوەندیەکی ڕەوای کۆمەڵگەی تێدایە، پزیشك دەتوانێت نەخۆش ناچار بکات چارەسەر وەربگرێت، یان هۆکاری خۆپاراستن بەکاربێنێ [23].

یاسای شارستانی عێراقی ژمارە (40)ی ساڵی 1951ی هەموارکراو، لە ماددەی (212)دا دەڵێ : ( پێویستیەکان قەدەغەکراوەکان حەڵاڵ دەکەن، بەڵام بە ئەندازەی پێویستیەکە ) . بەپێی ئەم دەقە لە کاتی پێویستدا پزیشك دەتوانێت بە بێ ڕەزامەندی وەرگرتنی نەخۆش و نوێنەرەکەی کاری پزیشکیی ئەنجام بدات، وەك : کەسەکە بورابێتەوە لە ڕوداوی هاتوچۆ و ، برینداری و ، کەسیشی لەگەڵ نەبێت.

## لقی دووەم

## ئەو هەڵانەی لایەنی هونەری کاری پزیشکی دەگرنەوە

ئەوەش ئەو هەڵانە دەگرێتەوە کە تایبەتە بە کاری هونەری، کە دەرچوونە لەو ڕێسا زانستی و بنەما هونەریانە کە کۆنترۆڵی (تحکم) پیشەی پزیشکی و ڕاستیە جێگرەکان دەکەن، واتە پیشەوەران پێشیەڵی ئەو ئەرکانە دەکەن کە لە پیشەکانیاندا بەسەریاندا سەپێنراوە،[24] هەر بۆیە لێرەدا لەو هەڵانە دەدوێن کە پەیوەندی بەلایەنی هونەری (پیشەیی) پزیشك هەیە:

---

[23] خلیل إبراهیم حسن العبیدي، المسؤولیة الجنائیة الناشئة عن اختلاط الانساب من التلقیح الصناعي، الطبعة الأولی ، دار الحامد للنشر و التوزیع، الأردن- عمان، ٢٠١٧، لا ٣٤٧.

[24] عبدالفتاح بیومی حجازی، سەرچاوەی پێشوو، لا ١٥٤.

## یەکەم : هەڵەکردن لە پشکنیندا : 

پشکنینی پزیشکی دەستپێکی کاری پزیشکییە، سەرەتا بە پشکنینی ڕواڵەتیی کلینیکی دەست پێ دەکات، بە سەرنجدان لە نیشانە دەرەکیەکان وەك : ڕواڵەتی دەرەوەی نەخۆش، لەوانەیە لێرەدا پزیشك چەند ئامێرێکی سادە بەکار بێنێ وەك : بیستۆکی پزیشکی و ، ئامێری پێوانی فشاری خوێن و ، ئامێری هێڵکاری دڵ و ، ئامێری دیاریکردنی ڕێژەی شەکر لە خوێندا، ئەندامەکانی هەستیشی وەك : دەست و چاو و گوێ بەکاربێنێ ، ئامانجی ئەم پشکنینە سەرەتا دڵنیا بوونە لە ساخ کردنەوەی بوونی ئەو نیشانە و دیاردە و بەڵگانەی یارمەتی دەستنیشان کردنی ئەو نەخۆشیە دەدەن کە نەخۆش پێوەی دەناڵێنێ. پشکنینی پزیشکی بە دوو قۆناغدا تێدەپەڕێ : 1- قۆناغی پشکنینی سەرەتایی : بە پشکنینی کلینیکی و ڕواڵەتی دەستپێدەکات، وەك بەکارهێنانی ئەندامەکانی هەست و ، هەندێك ئامێری سادەی وەك : ئامێرەکانی پێوانی فشاری خوێن و ، پێوانی ڕێژەی شەکر و ، تەرمۆمەتری پێوانی گەرمی لەش، پێش ئەوەی هیچ چارەسەرێکی پزیشکی و نەشتەرگەری بەکاربێت، پشکنینی سەرەتایی نەخۆش هەنگاوێکی پێویستە. 2- قۆناغی پشکنینی تەواوکاریی : لەم قۆناغەدا پزیشك ئامێرە ورد ە پێشکەوتووەکان بەکاردێنێ، وەك ؛: ئەمێرەکانی ئیکۆ و هەناوبینی و سۆنار و تیشکی سەرودەنگ و ، شیکاری خوێن و هێڵکاری مێشك ... هتد، تا بتوانێت بە وردی و دروستی دەستنیشانی نەخۆشیەکە بکات[25]. ئامانجی پزیشك گەیشتنە بە ئەنجامێکی لۆژیکی، تابتوانێت لە نێوان چەندین نەخۆشی جۆراوجۆردا نەخۆشیەکە دیاری و دەستنیشان بکات، لێرەدا دەردەکەوێت پشکنینی سەرەتایی جیاوازە لە دەستنیشان کردنی نەخۆشی، چونکە پشکنین بریتی یە لە ساخکردنەوەو ، دڵنیابوون لە دەرکەوتن و بوونی بەڵگە و دیاردەیەکی دیاریکراوو، لەوانەشە نەگات بە هیچ ئەنجامێك، بەڵام دەستنیشان کردن دڵنیابوونە لە نەخۆشیەکی دیاریکراو ، ئەگەر پزیشك پێش هەر پرۆسەیەکی چارەسەرکردن و نەشتەرگەری پشکنینە سەرەتاییەکانی نەکرد، ئەوە بە کەمتەرخەم دادەنرێت، قەزای فەڕەنسی لەسەر ئەوە جێگیر بووە ئەنجام نەدانی پشکنینی سەرەتایی بۆ نەخۆش پێش پرۆسەی نەشتەرگەری یان چارەسەرکردن، بە کەمتەرخەمی دادەنرێت و ، هەڵەی پشکنینی لێ دەکەوێتەوە[26]، پشکنینی پزیشکی یەکەم کارە کە پزیشك ئەنجامی دەدات بۆ ئاشکراکردنی بارودۆخی نەخۆشەکە، لەسەرەتادا پزیشك پشکنینی نەخۆشەکە، و پلەی سەختی نەخۆشەکە دەکات، و کاتی توشبوونی نەخۆشەکە بە نەخۆشیەکە دیاری دەکات لە قسەکانی نەخۆشەکە یاخود لەو پشکنین و هەڵسەنگاندنانەی کە پێشتر کردوویەتی، سەرەڕای ئەوەی لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیادا کە ئێستا یارمەتیدەرێکی باشی پزیشکن، پزیشك بە پشتبەستن بە چەندین ئامێری پێشکەوتوو خێرا دەتوانێت لە ماوەی چەند خولەکێك بگاتە دەرئەنجام کە ئەوەش یارمەتی پزیشك دەدەن بۆ دەستنیشانکردنی نەخۆشیەکە بە شێوەیەکی سەرەتایی، لەوەشە ئەوە بەتەنیا بەس نەبێت هەر بۆیە پزیشك نەخۆش دەنێرێت بۆ پشکنینی تەواوکاری، هەر بۆیە پزیشك دەبێت ورد بێت و پشکنینی نەخۆشەکە بکات بە تەواوی کەمتەرخەمی تێدا نەکات چونکە لەوانەیە بچوکترین هەڵەی لە کاتی پشکنین ببێتە هۆی ئەوەی کە چارەسەری هەڵەی نەخۆشەکە بکرێت لە ئەنجامی ئەوەش لەوەیە نەخۆشەکە توشی

[25] عبدالقادر الحسني إبراهيم محفوظ، المسؤولية الجنائية للطبيب عن عمليات الرتق العذرى، الطبعة الأولى، دار النهضة العربية، مصر ، ٢٠٠٩، لا٨٨.

[26] علي حسام غضن، سەرچاوەی پێشوو، لا ٤٨.

کەمئەندامی ببێت، یان ئەو هەڵەیە ببێتە هۆی ئەوەی کە نەخۆشەکە بمرێت، کە ئەوەش وا دەکات بەرپرسیارێتی تاوانکاری لەسەر ئەو پزیشکە دروست بکات چونکە بچوکترین هەڵەی پزیشك لێرەدا لەوەیە گەورەترین مەترسی بهێنێتە کایەوە[27].

## دووەم : هەڵەکردن لە دەستنیشان کردنی نەخۆشیدا :

دەستنیشان کردنی نەخۆشی : ( بریتیە لە باس و لێکۆڵینەوە لەو نەخۆشیەی نەخۆش بە دەستیەوە دەناڵێنێ، نەخۆش، تا بتوانێ بگات بە ڕاستیی نەخۆشیەکە و دیاری بکات )[28].

دەست نیشان کردنی نەخۆشی پرۆسەیەکی فیکریە، نیشانەکان دیاری دەکرێن و ڕێکدەخرێن و ، لەتەك نیشانەکانی تردا بەراورد دەکرێن، تا بزانرێت ئەو نەخۆشیەت نەخۆش پێوەی دەناڵێ چییە، دەستنیشان کردنی نەخۆشیی لە پوختە و کاکڵەی کاری پزیشکیی و ، جێبەجێ کردنی گرێبەستی چارەسەر کردنی پزیشکیە، پزیشك پێش ئەوەی چارەسەری نەخۆش بکات، یان کاری نەشتەرگەری بکات، جۆری ئەو دەردە دیاری و دەست نیشان دەکات کە نەخۆش پێوەی دەناڵێنێ، چونکە دەستنیشان کردنی نەخۆشیی کاریگەریەکی گرنگی هەیە بۆ ئەنجامی چارەسەر کردن و نەشتەرگەری، ئەم قۆناغە - قۆناغی دەست نیشان کردنی نەخۆشیی - لایەنێکی ورد و گرنگی پەیوەندی نێوان پزیشك و نەخۆشە، چونکە هەر هەڵەیەکی تێدا بکرێت، دەشکێتەوە بەسەر چارەسەر کردن و، نەشتەرگەریەکەدا. دەستنیشان کردنی نەخۆشی پایەی بنەڕەتی پرۆسەی چارەسەر کردنە، چونکە دەکەوێتە پێش قۆناغی چارەسەرکردن و، گرنگیەکی تایبەتی هەیە، لەم قۆناغەدا پزیشك هەوڵ دەدات بزانێت ناوەڕۆکی نەخۆشیەکە چییە و، چەندە مەترسیدارە و، کەی سەری هەڵداوەو ، چۆن تەشەنەی کردووە و فراوان بووەو، کاریگەری بۆماوەیی و دەروونی چەند کاریگەرەو، نیشانەکانی چین. هەموو هەنگاوەکانی دواتر بەستراون بەم هەنگاوەوەو، ئەنجامی دوایش لەسەر دەستنیشان کردن بڕیاری لەسەر دەدرێت و، هەر هەڵەکردنێك تیایدا هەموو کارەکانی دواتر دەخاتە هەڵەوەو، بەلارێدای دەبات، بۆیە پێویستە پزیشك لەم قۆناغەدا زۆر وریابێت و، وردەکاری بکات و هەرچی توانای زانستی هەیە بەکاری بێنێت[29].

لە بنەڕەتدا پزیشك پابەند نییە ڕاوێژ بە پزیشکێکی تر بکات، ئەگەر چی شارەزاتریش بێت، بەڵام لە هەندێك کاتدا لە دەستنیشان کردنی نەخۆشیدا تێکەڵاویەك دروست دەبێت، ئەوەش زۆر جار بە هۆی لەیەکچوونی نیشانەکانی نەخۆشیەکانەوە دەبێت، هەر بۆیە بۆ ئەوەی لە چارەسەرکردنەکەدا پزیشك نەکەوێتە هەڵە وا دەخوازرێت پرس و ڕاوێژ بە پزیشکی پسپۆر و شارەزای ئەو بوارە بکات، چونکە ئەگەر هاتوو دیاریکردنی نەخۆشیەکە پێویستی بە ڕاوێژ بوو پزیشك ڕاوێژی بە پزیشکی پسپۆر نەکرد و هەڵەی کرد لەسەر ئەوە سزا دەدرێت، لەو کاتانەدا نەبێت ڕێگریەك لە ڕاوێکردن هەبێت، ئەگەر پزیشکەکە ڕاوێژیکرد بەڵام بەبێ هۆیەکی پەسەند بە ڕاوێژ و چارەسەری پزیشکە پسپۆرەکەی وەرنەگرت و لەسەر هەڵەکەی خۆی بەردەوام بوو ئەوە بە هەڵە دەژمێردرێ و بەرپرسیارێتی دەکەوێتە سەری و سزا دەدرێت، وە هەروەها لە ڕێنمایەکانی ڕەفتاری

[27] محمد حسن قاسم، سەرچاوەی پێشوو، لا ٢١٨.

[28] منیر ریاض حنا، سەرچاوەی پێشوو، لا ١٠٢.

[29] صفوان محمد شدیفات، سەرچاوەی پێشوو، لا ٢٢٨.

پیشەیی ژمارە (6)ی ساڵی 1985ی سەندیکای پزیشکی عێراقی دەڵێت: ( ئەو پزیشکەی لە دەستنیشانکردنی نەخۆشیدا هەڵە دەکات، بەرپرسیارێتی ناکەوێتە ئەستۆ ئەگەر سەلماندی پەنای بردۆتە بەر هەموو ئامرازە زانستی و پزیشکی و کلینیکیەکان، و ئەو ئامرازە یارمەتیدەرانەی دەستنیشانکردنت نەخۆشی کە لە دەڤەرەکەیدا بەردەست بوون، لە نێوانیانیشدا ڕاوێژی بە پسپۆران کردبێت)[30].

کاتێك پزیشك لە دەستنیشانکردنی نەخۆشیدا هەڵە بکات، هەڵەکە بەسەر چارەسەر کردنیشیدا دەکشێتەوە، هەڵە لە چارەسەر کردنەکەشدا دروست ئەبێت، ئەوەش لەوانەیە ببێتە هۆی مردنی نەخۆشەکە، یان تووشی کەمئەندامی گشتی بکات یان لاوەکی هەمیشەیی یان کاتی، بۆیە لە دەستنیشان کردندا پشت بە ئامرازە زانستی و هونەرییە تازەکان دەبێ ببەسترێ، بەکارنەهێنانیان بە درێخی کردن دادەنرێ، وە دەبێ زانیاری تەواو لە نەخۆشەکە وەرگرێت کە یارمەتی بدەن نەخۆشیەکە بدۆزێتەوە، چونکە ئەگەر دەستنیشان کردنەکە دووربوو لە ڕاستی یان پێچەوانەی ڕاستی وت بەرپرسیارێتی یاسای دەکەوێتە ئەستۆی پزیشك، هەر بۆیە دەبێت پزیشك بایەخی تەواو بە نەخۆش بدات و هەوڵی وریایانە و ڕاستگۆیانەی لەگەڵدا بدات[31].

لە بڕیارێکی لێژنەی فەرمانبەرانی وەزارەتی تەندروستیدا هاتووە ( لە کەیسێکدا ڕوداوەکانی بەم شێوەیە، کیژێك بەناوی (ل) لە بنکەی پۆلیسی (...) نێردرا بۆ نەخۆشخانە بۆ پشکنین، تا بزانرێت ئایا پەردەی کچێنی ماوە، پاشبازی لەتەکدا کراوەتە سەری، ئایە سکی پڕە یان نا، لەگەڵ دیاریکردنی تەمەنی. لەلایەن دکتۆر (ع) پشکنین بۆ کیژۆڵەکە کرا، و لە لایەن دکتۆرە (ع) و دکتۆرە (س)ەوە ڕاپۆرتێك نووسرا، بەم شێوەیە کیژۆڵەکە پەردەی کچێنی لابراوەو، پاشبازی لە تەکدا کراوە و، نیشانەی سکپڕی پێوە دیار نییە، و تەمەنیشی بە شانزە ساڵ، دەخەملێنرێ، ڕاپۆرتەکە ڕەوانەی بنکەی پۆلیس کرایەوە و لە هەمان کاتدا بە مەبەستی گەڕان بۆ سپێرم سرینەیەك لە لاشەی کچەکە وەرگیراو نێردرا بۆ پەیمانگای پزیشکی دادیی لە بەغدا، بەڵام کەسوکاری کیژەکە بەپەلە بە فیشەك کچەکەیان کوشت، بە مەبەستی توێکاری کردن و ڕوونکردنەوەی هۆی مردنەکەی تەرمەکەیان ڕەوانەی نەخۆشخانە کرد تەرمەکە خرایە بەردەست کۆمەڵێك پزیشکی پسپۆڕ، بێجگە لەوانەی لە ڕاپۆرتەکە ناویان هاتووە، ئەنجامی توێکاریەکە ئاشکرای کرد پەردەی کچێنی ماوە و، سکی پڕ نییە، پاشبازی لەگەڵدا نەکراوە! لەبەر جیاوازی نێوان دوو ڕاپۆڕتەکە بڕیاردرا گۆڕەکەی هەڵبدرێتەوەو تەرمەکەی دەربهێندرێتەوە، ڕەوانەی پەیمانگای پزیشکی دادی بەغدا بکرێت، ئەنجامەکەی ئەوە بوو پزیشکە دادیەکان پشتگیری ڕاپۆرتی لێژنەی دووەمیان کرد، لە ئەنجامی هەڵەکردنی دکتۆر (ع) و دکتۆر (س) ڕەوانەی لێژنەی بەرزەفتکاری کران و لێژنەکە بڕیاری ئەوەیدا کارەکەیان هەڵەیە پێچەوانەی بناغەی پیشەی پزیشکییە، لە هەمان کاتدا بڕیاریدا نەخۆشخانەکەش لە لایەنی کارگێڕیەوە بەرپرسیارە چونکە درێخی کردووە لە چاودێری و سەرپەرشتی پزیشکەکانی، کە بووە هۆی مردنی گەنجێکی بێتاوانی سەرەتای تەمەنی، لەبەر ئەوەش کەیسەکە ڕەوانەی دادگای تاوان کرا بە مەبەستی ڕێکارەکانی دادگایی کردنیان و سزادانیان[32].

---

[30] لقمان فاروق حسن نانەکەلی، سەرچاوەی پێشوو، لا ١٦٨.

[31] علي حسام غضن، سەرچاوەی پێشوو، لا ٦١.

[32] كمال حسن مجيد، سەرچاوەی پێشوو، لا ٥٦.

## سێیەم : هەڵەکردن لە چارەسەرکردندا :

دوای دەستنیشان کردنی نەخۆشیەکەو، زانینی سروشت و شێوازی بڵاوبوونەوەی، نۆرەی چارەسەرکردن دێت، ئەمە ئەو قۆناغەیە کە پزیشك شێوازی چارەسەری گونجاو بۆ سروشتی نەخۆشەکە و ئەو نەخۆشیەی کە دیاری کردووە دەستنیشانی دەکات، ئەگەرچی پزیشك سەرپشکە لە دیاریکردنی شێوازی چارەسەرکردندا، بەڵام دەبێت شێوازەکە لەسەر بناغە زانستیە جێگیرەکان بێت و، لەتەك باری نەخۆشەکەدا گەنجاو بێت، بەجۆرێك زۆرترین کاریگەری و، کەمترین مەترسی هەبێت، بە مانایەکی تر سودەکەی لە مەترسیەکەی زیاتر بێت. هەڵبژاردنی ڕێگایەکی چارەسەرکردن و هەڵبژاردنی ڕێگایەکی دیکە، نابێتە هۆی بەرپرسیارێتی، ئەگەر ڕێگایەکی دروست و زانستی و باوی گرتبێتربەر، بەرپرسیارێتی پزیشك بەشێوەیەکی ڕەها لەسەر جۆری ئەو چارەسەرە دروست نابێت کە هەڵیدەبژێرێ ، ئەگەر بسەلمێنرێ ئەو هەڵبژاردنە لە نەزانینی بنەما زانستی و هونەریەکانی پزیشکیەوە بووە. ئەگەر پزیشك لە هونەری پزیشکیدا نەگەشتبوویە پلەیەکی دیاریکراوی شارەزایی و لێزانین و پێویستی بە یارمەتی کەسێکی پسپۆڕ بوو، قورس و گران بوو بەبێ پەنابردن بۆ پزیشکێکی ڕاوێژکار چارەسەرەکە بکات، ئەگەر لە چارەسەرکردندا بە گوێرەی ئەو ڕێنمایانە چارەسەری نەکرد کە پزیشکە ڕاوێژکارەکە پێشنیاری کردووە، ئەوە هەڵەیەکی گەورەی کردوەو، بەرپرسیارێتی دەکەوێتە ئەستۆ[33].

پزیشك بە هەڵە دادەنرێت و، لەسەر هەڵەکەیشی لێپرسینەوەی لێ دەکرێت ئەگەر بەبێ کردنی پشکنینی پێویست چارەسەری نەخۆشەکە بکات ، یان لە چارەسەرکردنی پێویستدا کەمتەرخەمی بکات ، وەك ئەوەی نەخۆشەکە برینێکی قوڵی هەبوو بەڵام پزیشکەکە کەمتەرخەمی بکات و ، دژە گزازی لێ نەدات، یان لەسەر بنینە سەرەتاییەکان بڕیاری چارەسەرکردن بدات، یان پزیشك لە چارەسەرکردندا وریا و خەمخۆر نەبێت، یان بەراوردی نێوان مەترسی چارەسەرکردنەکە و نەخۆشیەکەی نەکات، هەر بۆیە دەبێت پزیشك هاوسەنگی بکات لە نێوان مەترسی نەخۆشییەکە و مەترسییەکانی چارەسەرکردندا، ئەگەر نەخۆشی نەخۆشەکە بە جۆرێکبیت کە مەترسی نەبێت لەسەر ژیانی دەبێت پزیشك پەنا بباتە بەر ئەو ئامراز و ڕێگایانەی کە بۆ جۆری ئەو نەخۆشیە دیارکراون، بەڵام لە بارێکدا ئەگەر هاتوو بارودۆخی نەخۆشەکە بێهیوا بوو پزیشك دەتوانی پەنا ببات بۆ هەر ئامرازێك بۆ ڕزگارکردنی ژیانی نەخۆشەکە هەر چەندە گرتنەبەری ئەو ڕێگایەش مەترسیدارە، بەڵام ئەوەش مەرجی خۆی هەیە کە پزیشکەکە دەبێت بیسەلمێنی بارودۆخی نەخۆشەکە هەر بەڕاستی بێهیوا بووە هەر بۆیە پەنای بردۆتە بەکارهێنانی هەموو ڕێگاکان لە چارەسەرکردنیدا، هەر بۆیە پزیشك دەبێت پشت بە چارەسەری گونجاو ببەستی کە لەگەڵ بنەمای زانستی و سەردەمی هاوچەرخدا بگونجێ ئەگەر نا بەرپرسیارێتی لێ ئەکەوێتەوە کە ئەوەش لەلایەن دادوەرەوە بڕیاری لێ ئەدرێ کە ئایە لە چارەسەرەکەیدا هەڵەی کردووە، یان هەڵەی نەکردووە، هەر بۆیە تەنها هەڵەیەك لە ئەنجامی کەمتەرخەمی و پێشیەلکردنی بنەما زانستیە دامەزراوەکان بێت کە دەبێت هەموو پزیشکێك بیزانێت بەرپرسیارێتی لێ دەکەوێتەوە[34].

---

[33] محمد حسن قاسم، سەرچاوەی پێشوو، لا ٢٢٣.

[34] صفاء شكور عباس، تعدد المسؤولين عن الدواء المعيب، الطبعة الأولى، دار الكتب القانونية، مصر، ٢٠٠٩، لا ١٠٠.

**چوارەم : هەڵەکردن لە نەشتەرگەریدا :**

گومانی تێدا نییە بڵندترین پیشەی پزیشکی خزمەتی بە مرۆڤایەتی کردبێت نەشتەرگەرییە، دەشزانێت کاری نەشتەرگەری سودێکی زۆری هەیە، بەتایبەت بۆ ئەوانەی بەدەست ئەو نەخۆشیانەوە دەناڵێنن بە نەشتەرگەری بۆکردن نەبێت چارەسەریان نییە،کاری نەشتەرگەریش لەخۆیدا مەترسیدارە، ئەوەش دەخوازێت پزیشك وردەکاری تەواو بکات و، بگاتە ئەو ئەنجامەی چارەسەری ئەو نەخۆشیە تەنیا نەشتەرگەری بۆ کردنە. نەشتەرگەری وەك یەکێك لە لقە پزیشکییەکان بە بوارێکی فراوان دادەنرێت بۆ دیراسە کردنی بەرپرسیارێتی هەموو جۆر و شێوەکانی پزیشکی، گرنگی بەرپرسیارێتی پزیشکی نەشتەرگەر لەمیانەی گرنگی خودی نەشتەرگەرییەکەوە دەردەکەوێت چونکە زۆر ورد و زۆریش مەترسیدارە، بۆیە دەخوازێت نەشتەرگەر زۆر بە بایەخ و وریایی و ئاگەدارییەوە ئەنجامی بدات، نەشتەرگەریش ڕێسای گشتی بەرپرسیارێتی پزیشکی دەیگرێتەوە کە پابەند بوونە بە درێخی نەکردن و توانا بە خەرجدان، نەك بەدیهێنانی ئەنجام ئەوەی پزیشکان لەسەری ڕێکن کاری نەشتەرگەری بە سێ قۆناغدا تێدەپەڕێت : کە قۆناغی پشکنین و ئامادەکاری بۆ پرۆسەی نەشتەرگەری، قۆناغی جێبەجێکردن و، ئەنجامدانی نەشتەرگەری، و قۆناغی سەرپەرشتی و بەدواداچونی نەخۆش تا چاکدەبێتەوە. بەرپرسیارێتی پزیشکی نەشتەرگەر لەهەر سێ قۆناغەکەدا بەردەوامە[35].

لەبەر ئەوەی کاری نەشتەرگەری پەیوەندی بەلاشەی مرۆڤەوە هەیە، بۆیە دەخوازێت زۆر گرنگی پێبدرێت و، خەمی بخورێت، چونکە ئاستێك مەترسی و سورەڕۆیی تێدایە، بۆیە ئەگەر پزیشك لەپێش و لە کات و لە دوای نەشتەرگەریەکە وریا نەبێت و خەم نەخوات بەرپرسیارێتی دەکەوێتە ئەستۆ، بۆیە دەبێت بە وردی پشکنینی سەرەتایی و تەواوکاری ئەنجام بدرێت، نەك تەنیا بۆ ئەو شوێنەی نەشتەرگەری بۆ دەکرێت ، بەڵکو پشکنینی گشتی بۆ بکرێت تا بزانرێت ئایە نەخۆشەکە بەرگەی نەشتەرگەری دەگرێت ، دەبێت هەموو مەترسیەکانی نەشتەرگەری ڕابگەیەنرێت بە نەخۆش و ، ڕەزامەندی وەربگیرێت و ، کەمتەرخەم نەبووبێ هەموو پێویستیەکانی نەشتەرگەری ئامادە کرابێت، وەك ئامێر و ستاف نەشتەرگەری هەر لە پزیشکی بەنجەوە تا یاریدەدەر و پەرستار، لەگەڵ پشکنینی تەواو، دەبێت پزیشکی نەشتەرکار تەواوی توانای خۆی بخاتە گەڕ. و لەم حاڵەتانەدا پزیشکی نەشتەرکار بەرپرسیارێتی دەکەوێتە ئەستۆ : ڕەزامەندی وەرنەگرتنی نەخۆش، مەگەر لە بارێکدا نەخۆش نەتوانێت ڕەزامەندی خۆی دەربڕێت، و نوێنەریشی ئامادە نەبێت، پیسبوونی برین بەتایبەت ئەگەر قوڵ بێت، و دژە تیتانۆسی بەکارنەهێنابێت، ئەنجام نەدانی پشکنینی ورد بۆ نەخۆشەکە پێش نەشتەرگەریەکە، کەمتەرخەمی و هەڵەشەکردن لە بەکارهێنانی ئامێرەکاندا، ئامادەنەکردنی پزیشکی بەنج، و پێدانی بەنخ لەلایەن پزیشکی نەشتەرکارەوە کە دەبێت بەنج لەلایەنی پسپۆر بەکاری بەنجی بدرێت نەك پزیشکی نەشتەرکار، پزیشك بەرپرسیارە لە هەر هەڵەیەکەی ستافەکەی، سەرەڕای ئەوەی ستافەکە خۆشیان بەجیا بەرپرسیارن لەهەڵەی خۆیان ، لەبیرچوونی هەر شتێك لەناو جەستەی نەخۆشەکە، سەرپەرشتی و چاودێری نەکردنی نەخۆشی دوای نەشتەرگەری[36].

---

[35] کمال حسن مجید، سەرچاوەی پێشوو، لا ٦٥.

[36] صفوان محمد شدیفات، سەرچاوەی پێشوو، لا ٢٣٣.

**پێنجەم : هەڵەکردن لە چاودێریکردن و بەدواداچووندا :**

گرنگترین قۆناغی کاری پزیشکیی چاودێری کردنە بەتایبەت دوای نەشتەرگەری، چونکە کاری پزیشکیی لە نوسینی ڕەچەتەی دەرمان و چارەسەرکردنی نەخۆشدا ناوەستێت، بەڵکو کاری پزیشکی وا دەخوازێت چاودێری نەخۆش بکات تا بزانێت ئەنجامی دەرمانەکە بە کوێ گەیشتووە، چەندە سەرکەوتوو بووە، بەتایبەت ئەگەر دەرمانەکە دەرمانێکی مەترسیدار بێت ، و لەدەرمانە باوەکان نەبێت، لەم کاتەدا دەبێت پزیشکی چارەسەرکار خۆی چاودێریەکی ورد و هۆشیارانەی نەخۆش بکات. بەدواداچوونی نەخۆش ئەوە ناگەیەنێ پزیشك لەگەڵ نەخۆشەکەدا بمێنێتەوە، بەڵکو مەبەست ئەوەیە نابێت چاودێری تەندروستی نەخۆش نەکات، و نابێت مۆڵەتی نەخۆش بدات لە نەخۆشخانە دەربچێت ئەگەر باری تەندروستی پێویستی بە مانەوە کرد، و ئەگەر پێویست بوو دەبێت پزیشك ئامادەی لای نەخۆش بێت، بەڵام ئەگەر نەخۆشیەکە سادە و ئاسایی بوو ئەوەندە بەسە پزیشك دەرمانی بۆ بنوسێت، و نەخۆشەکە ئاراستە بکات، و نەخۆشەکە خۆی بدواداچوونی بۆ بکات، بەڵام ئەگەر بارودۆخی نەخۆشەکە مەترسیدار بوو، یان ئەو دەرمانەی بەکار هاتبوو مەترسیدار بوو، لێرەدا دەبێت پزیشك خۆی چاودێری نەخۆشەکە بکات، و بزانێت بارودۆخی بەرەو کوێ دەچێت. لە کاتی گواستنەوەی خوێنیش بۆ نەخۆشێك بە مەبەستی پاراستنی نەخۆشەکە لەهەر کاردانەوەیەکی نەخوازراو دەبێت پزیشك ڕێگا نەدات دوای گواستنەوەی خوێنەکە ڕاستەوخۆ نەخۆش لە کلینیك، یان نەخۆشخانە دەربچێت، لە نەخۆشیە دەماری و ژیریەکاندا پابەندبوونی پزیشك بە چاودێریکردنی نەخۆشەوە زیاتر دەبێت، نەك تەنیا بۆ لایەنی پزیشکی بەڵکو سەرپەرشتی و چاودێری هەڵسوکەوت و پاراستنی لەزیان گەیاندن بەخۆی و خەڵکانی تریش، هەر بۆیە چاودێری کردن و بەدواداچوونی نەخۆش پرسێکی گرنگە چونکە لە ئەنجامی ئەوەی کە پزیشك هەر هەڵەیەك بکات لەوەیە ببێتە هۆی زیانێکی زۆر بەر نەخۆش بکەوێت تا بگاتە ڕادەی مردنیشی، بێ گومان هەر کاتێك پزیشك کەمتەرخەمی کرد بەرپرسیارێتی یاسایی دەکەوێتە ئەستۆ[37].

## باسی دووەم

## پایەکانی بەرپرسیارێتی تاوانکاری هەڵەی پزیشکیی

هەموو مرۆڤێك لە هەڵسوکەوتی ڕۆژانەیدا بە درێژایی ژیانی چەندین جۆر چالاکی ئەنجام دەدات، لەوانەیە لەو چالاکیانەدا زیان بە کەسانی تر بگەیەنێت، ئیتر ئەو زیانە ڕاستەوخۆ بێت، یان بەهۆی کارەکەیەوە بێت، و ئەگەر زیانەکە لە جێبەجێ نەکردنی کارێك بکەوێتەوە کە یاسا سەپاندویەتی ئەوا یاسا دێتە ناوەوە و سزای ئەوانە دەدات کە زیانیان بە کەسانی تر گەیاندووە، سزاش ئەوەیە کە پێی دەوترێ بەرپرسیارێتی، بەپرسیارێتیش لە شێوازیاندا زۆرن، و لە سروشتیشدا جیاوازن، ئەو بەرپرسیاریێتیەی یاسای سزادان بڕیاری لەسەر بدات پێی دەوترێ بەرپرسیارێتی تاوانکاری[38]. هەر بۆیە لێرەدا هەڵدەستین بە دابەشکردنی ئەم باسەمان بۆ دوو تەوەرە بۆ ڕوونکردنەوەی پایەکانی بەرپرسیارێتی تاوانکاری هەڵەی پزیشکی:

---

[37] محمد حسن قاسم، سەرچاوەی پێشوو، لا ٢٢٨.

[38] کەمال حسن مجید، سەرچاوەی پێشوو، لا ١٠٦.

## تەوەرەی یەکەم 

## هەڵەی پزیشکی

هەڵە سەرپێچی کردنی یاساو سیستەم و ڕێنمایی و بڕیارەکانە، ئەوەش نەکردنی کارێکە کە پێویستە بکرێ، یان کردنی کارێکی قەدەغەکراوە، هەڵە کاتێك ڕوودەدات تاوانبار ڕەفتارێك بکات پێچەوانەی ئەو ڕەفتارە بێت یاسادانەر لە یاسا و سیستەم و ڕێنمایی و بڕیارەکاندا بۆ مەبەستی پاراستنی گیانی خەڵك و، کەمکردنەوەی ڕودانی ئەو کارە مەترسیدارانەی کە زیان بە کەسانی تر بگەیەنێت سەپاندوویەتی، بە شێوەیەکی گشتی هەڵە لادانێکی ئەرێنی یاخود نەرێنی ئەو کەسەیە کە پابەندە بە ئەنجامدانی کارێك، هەر بۆیە هەڵەی پزیشکی هەموو سەرپێچی یان دەرچونێکی ڕەفتاری پزیشکە لەو ڕێسا و بنەما پزیشکیانە کە زانست یەکلای کردۆتەوە، یان بە شێوەیەکی تیۆری و پراکتیکی لە جێبەجێکردنی کاری پزیشکیدا باون، یان پێشیەلکردنی ئەرکەکانی وریایی و پارێزیکردنە کە یاسا و ئەرکی پیشەی دەیسەپێنی بەسەر پزیشکدا، و هەڵەی پزیشکی بۆ ئەوەی بێتە دی دەبێت هەردوو کۆڵەگەی ماددی، و واتایی هەبێت[39]، هەر بۆیە ئەم تەوەرە دابەشدەکەین بۆ دوولق، لە خوارەوە لێیان دەدوێین :

## لقی یەکەم 

## کۆڵەگەی ماددی

مەبەست لە کۆڵەگەی ماددی کە بریتییە لەو ڕەفتارە ماددیەی کە یاسا بەتاوانی داناوە، واتە هەر شتێکی بەرجەستەیی کە پەیوەندی بە ڕوودانی تاوانەوە هەبێت چونکە بەبێ ئەو تاوان لە یاسادا بوونی نییە، لەبەر ئەوە پێی دەڵێن ماددەکانی تاوان. بە پێیە بیرکردنەوە و مەبەست لە دەرووندا بە بە رەفتاری تاوانکاری دانانرێت مادەم نەگەیشتۆتە ئاستی کردارێکی بەرجەستەیی[40]، لەو بارەوە یاسای سزاکانی عێراقی ژمارە (111)ی ساڵی 1969 لەماددەی 28 دا لە پێناسەی کۆڵەگەی ماددیدا دەڵێت (بریتیە لە رەفتاری تاوانکاری بە ئەنجامدانی کردەوەیەك کە یاسا بەتاوانی دانابێت یان بەجێنەگەیاندنی کردەوەیەك کە یاسا فەرمانی پێکردبێت).

بەبێ کۆڵەگە ماددیەکە تاوان یاسادانەر بۆی نییە دەستوەردان بکات لەگەڵ سزادان، وە هیچ تاوانێك نییە بەبێ ڕەفتاری تاوانکاری، بۆیە بۆ ئەوەی بەرپرسیارێتی تاوانکاری بەرامبەر بە تۆمەتبار جێگیر بکرێت، دەبێت تاوانەکە لە ڕووی ماددییەوە بگەڕێنرێتەوە بۆ ئەو. کۆڵەگەی ماددییەکەی تاوانێك لە هەڵسوکەوتی تاوانکاری کەسی تۆمەتبار پێکدێت، کە کاریگەریی ماددی لە جیهانی دەرەوەدا بەجێدەهێڵێت، ئەمەش ئەوەیە کە پێی دەوترێت دەرئەنجامی تاوانکاری، کە کۆڵەگەی ماددی خۆی دەبینێتەوە لە رەفتاری تاوانکار و دەرئەنجامی تاوانکاری، و دەبێت پەیوەندی هەبێت لە نێوان رەفتارە تاوانکارییەکە و دەرئەنجامە تاوانکارییەکە[41]، هەر بۆیە لێرەدا لە ڕێگای ئەم دوو بەشەی خوارەوە باسی رەگەزەکانی کۆڵەگەی ماددی دەکەین:

---

[39] أمير فرج يوسف، سەرچاوەی پێشوو، لا ١٨٤.

[40] محمد حسن قاسم، سەرچاوەی پێشوو، لا ٦٨.

[41] صفوان محمد شديفات، سەرچاوەی پێشوو، لا ١٧١.

### یەکەم : ڕەفتاری تاوانکاری :-

ڕەفتار یەکەم ڕەگەزە لە ڕەگەزەکانی ڕوکنی ماددی، کە بریتییە لە سەرپێچیکردن یان زیادەڕۆیی، مەبەست لە زیادەڕۆیی بەزاندنی ئەو سنورەیە دەبێت کەسەکان لە ڕەفتاریاندا پێوەی پابەندبن، ئیتر ئەو لادانە بە ئەنقەست بێت یان بەبێ قەست بێت، لادانی بێ مەبەست لە گوێ پێنەدان و کەمتەرخەمیەوە دروست دەبێت، لە هیچ حاڵەتێکدا ناتوانرێت تاوانبارێك لێپرسینەوە لە تاوانێك بکرێت تەنها لەبەر ئەوەی بیری لە ئەنجامدانی تاوانەکە کردووەتەوە، چونکە یاسای تاوان لەسەر بنەمایەکی بنەڕەتی دامەزراوە، ئەویش ئەوەیە کە هیچ تاوانێك نییە ئەگەر ئەم دیزاینە تاوانکارییە نەهاتە ئاراوە و وەرنەگێڕدرێتە سەر کردەی دەرەکی، جا چ کردارێك بێت یان جێهێشتنێك، لە ڕووی یاساییەوە بە هەموو ئەو کردەوانە دادەنرێت کە بە پێی یاسا قەدەغەکراوە و سزای لەسەر دانراوە، جا ئەو کردەوەیە بریتی بێت لە کردنی کارێك یان نەکردنی کارێك، یاساکان پارێزگاری لە بوون و مافی مرۆڤ دەکەن لەو یاسانەش یاسای سزاکانە جەستەی مرۆڤ دەپارێزێ، مافیش ئەو بەرژەوەندیەیە کە یاسا دانی پێدا دەنێت و، پێداگری لەسەر دەکات، لە میانەی بەتاوان ناسینی ئەو ڕەفتارانەی زیان بە جەستەی مرۆڤ دەگەیەنن پارێزگاری لێ دەکات[42].

واتە ڕەفتاری تاوانکاری پزیشك ئەو ڕەفتارە تاوانکاریەیە کە پزیشك پێ هەڵدەستی جا چ ئەو ڕەفتارە ئەرێنی بێت یان نەرێنی کە پێچەوانەی بنەماکانی ڕەفتاری پزیشك و ئەرکەکانی پیشەکەیەتی کە بەسەری سەپێنراوە، کە ئەو ڕەفتارە تاوانکارییەی ڕەنگە لە ئەنجامی کەمتەرخەمی، هەڵەشەیی، نەبوونی وریایی، یان هەڵە لەدەستنیشانکردنی نەخۆشی و هەڵە چارەسەرکردن بێتە کایەوە، کە ئەو ڕەفتارەی دەبێتە هۆی پێشیەلکردنی یاسا و بنەماکانی کاری پزیشکی، دەبێتە هۆی زیان گەیاندن بە مافێکی پارێزراو لەلایەن یاسا، پزیشکان بەرپرسیارن بۆ پاراستنی تەندروستی و ژیانی مرۆڤ هەر وەك چۆن یاسا و ڕێساکانی پزیشکی پێی دەڵێت، چونکە ڕەفتاری تاوانکاری واتا چالاکی بەرجەستەیی دەرەکی کە تاوانی لێپێکبێت، بەوپێیەی بەبێ ئەو تاوان بوونی نییە، چونکە یاسا بەتەنها سزای لەسەر خواست و ویست و ئارەزووی تاوانکاری دانەناوە، و ئەو چالاکیەش لە تاوانێکەوە بۆ تاوانێکی تر جیاوازە، جا هەندێ جار ڕەفتاری تاوانکاری بریتییە لە چالاکی ئەرێنی واتا ئەنجامدانی کردوەیەکی کە یاسا قەدەغەی کردووە ڕێساکانی پیشەی پزیشکی ڕێگەی پێنەداوە، و هەندێك جار ڕەفتاری تاوانکاری بریتییە لە ڕەفتاری نەرێنی واتە بەجێنەگەیاندنی کردەوەیەك لەلایەن پزیشك کە یاسا فەرمانی پێدابێت و سزاشی بۆ دانابێت[43].

ئەوەش هەروەك ئەوەی کە یاسای سەندیکای پزیشکانی هەرێمی کوردستانی عێراق ژمارە (6) ی ساڵی 2000 ئاماژەی پێکردووە لەماددەی 26دا کە چەندین کاری دیاریکردووە بە کاری قەدەغەکراوی داناوە ئەوانیش :1- سەرپێچیکردنی یاسا و پەیڕەو و ڕێنماییەکان و فەرمان و بنچینەکانی ڕەوشتی پیشەیی بەتایبەتی ڕاکێشانی نەخۆش بەهۆی پڕوپاگەندە کردن ( تەرغیب) و بەکارهێنانی میانگیر. 2- زیان گەیاندن بە شۆرەتی پیشەیی و ئەوانەی ئەو پیشەیە دەکەن و کەمکردنەوە لە پایەی زانستی و ئەدەبیان. 3- کارێکی وابکرێت لە لایەن پزیشکەوە کە پێچەوانەی ڕاستی پسپۆڕییە، 4-بەکارهێنانی خاوەن پیشە تەندروستییە مۆڵەتنەدراوەکان.

---

[42] عبدالصمد محمد خەیلانی، بنەما گشتییەکانی یاسای سزاکان، چاپی پێنجەم، کۆمەڵگای فەرهەنگی ئەحمەدێ خانی، سۆران، ٢٠٢٠،لا ١٨٤.

[43] عبدالصبور عبدالقوي علي مصري، سەرچاوەی پێشوو، لا ١٢٩.

**دووەم : دەرئەنجامی تاوانکاری :-**

بریتیە لەو گۆڕانەی کە بەهۆی ڕەفتاری تاوانکاری ڕوودەدات، کە دەبێتە مایەی زیان گەیاندن بە بەرژەوەندی یان مافێك کە یاسادانەر بە مەبەستی پاراستی ئەو مافە سزای داناوە، کەواتە دەرئەنجامی زیانبەخش دوو واتای هەیە یەکەمیان ماددییە بریتیە لەو گۆڕانکارییەی کە بەهۆی ڕەفتاری تاوانکاری ڕوودەدات، ئەوەی تر یاساییە کە بریتیە لەو دوژمنکارییەی کە کاردەکاتە سەر بەرژەوەندی یان ئەو مافەی کە یاسا پاسەوانی لێ دەکات، دەرئەنجامی زیانبەخش وەك ڕەگەزێکی کۆڵەگەی ماددی پێویست نییە لە گشت تاوانێك بێتە دی، چونکە لێرەدا هەندێك تاوان هەن تەنها بە بوونی ڕەفتاری تاوانکاری دێنەدی، بەبێ ئەوەی پێویست بە ڕوودانی دەرئەنجامی زیانبەخش بکات، وەك تاوانەکانی نەرێنی ( بەجێنەگەیاندن)، بە جۆرێك کە تەنها بەبوونی هەڵوێستی نەرێنی لەلایەن تاوانبار دێتەدی. واتە دەرئەنجامی تاوانکاری جیاکراوەتەوە و جیاوازە لە هەڵسوکەوتی تاوانکاری، بەو پێیەی ئەو کاریگەرییەیە کە یاسای تاوان لە سەپاندنی سزا بەسەر تاوانباردا لەبەرچاوی دەگرێت. کاتێك یاسای تاوان دەستوەردان دەکات لەگەڵ سزادان بۆ ئەنجامی تاوانەکە، دەستێوەردانەکەی سنووردار نییە بەو حاڵەتانەی کە زیانی ڕاستەقینەی تێدا ڕوودەدات لە ئەنجامی هەڵسوکەوتی تاوانکاری، بەڵکو ڕەنگە بەهۆی بەرژەوەندی گشتی پێویستی بە دەستێوەردان هەبێت لەگەڵ سزادان بۆ مەترسی ڕوودانی زیان لەسەر مافێك یان بەرژەوەندیەك.بەم شێوەیە مانای ماددی دەرئەنجامە تاوانکارییەکە لەسەر ئەو ڕاستییە دامەزراوە کە هەموو کردارێك دەبێت لە جیهانی ماددی دەرەکیدا کاریگەری هەبێت و ئەم کاریگەریانەش بە پەیوەندی هۆکار و کاریگەری پەیوەستن بە کردەوەکە. هەرچەند ئەم کردەوە یان هەڵسوکەوتە لە جیهانی دەرەوەدا کاریگەری زۆری هەیە، بەڵام یاسادانەری تاوانکاری لەو کاریگەریانە کاریگەرییەك هەڵدەبژێرێت کە خۆی دیاری دەکات و لەبەرچاوی دەگرێت و بەرپرسیارێتی و سزای بۆ دادەمەزرێنێت[44].

بۆیە دەرئەنجامی تاوانەکانی کاری پزیشکی لەوانەیە مردن، کەمئەندامی هەمیشەیی، یان بەرکەوتن بە مەترسی برینداربوون بێت، دەرئەنجامی تاوانکاری ڕەگەزێکی زۆر هەستیارە کە زۆرجار سەلماندنی قورسە. بۆیە ناتوانین بڵێین ئێمە مامەڵە لەگەڵ تاوانێك دەکەین ئەگەر ئەو چالاکییە تاوانکارییە یان ڕەفتارەی تاوانبار ئەنجامی داوە ئامانجی زیانگەیاندن بە قوربانییەکە نەبووبێت بەبێ گوێدانە دەرئەنجامەکانی ڕەفتارەکەی، چونکە ڕەنگە دەرئەنجامی تاوانەکە شاراوە بێت و تا دوای ئەنجامدانی پشکنینی پزیشکی و پشکنینەکان دیار نەبێت و دەرئەنجامی تاوانەکەش ڕەنگە مردن یان کەمئەندامی هەمیشەیی بێت، وەك ئەگەر قوربانییەکە تووشی هەوکردنی جگەر بووبێت کە جگەری ئیفلیج کرد یان وای لێکردبێت کە نەتوانێت ژیانی خۆی بکات بە هۆی ئەو هەوکردنە یان لە ڕێگەیەوە تووشی کەمئەندامیەکی هەمیشەیی بوو یان دووچاری مردن بوویەوە، هەربۆیە لێرەدا ئەگەر هاتوو بەهۆی هەڵەی پزیشکەکە دەرئەنجامی مردن هاتە کایەوە، یان کەمئەندامی هەمیشەیی هاتە کایەوە، یان زەرەرێك کە هەمیشە پێویستی بە چارەسەرکردن هەیە[45].

کاتێك دەرئەنجامێك دێتە کایەوە لە ئەنجامی ڕەفتاری پزیشکەکە، ئەگەر هاتوو ئەو ڕەفتارەی پزیشك تاوانێك پێك بێنێت ئەوا لە لایەن لیژنەی بەرزەفتکردنەوە دەنێردرێت بۆ دادگایی تاوانی، هەروەك چۆن لە یاسای ژمارە (6) ساڵی 2000 یاسای سەندیکای پزیشکانی هەرێمی کوردستان- عێراق، ئاماژەی پێکردووە لە ماددەی (30) دەڵێت :- ( ئەگەر لیژنەی بەرزەفتکرن

---

[44] عبدالصمد محمد خەیلانی، سەرچاوەی پێشوو، لا ١٨٥.

[45]خليلي هند هجيرة، المسؤولية الجنائية للطبيب،كلية حقوق و العلوم السياسية قسم حقوق،جامعة العقيد احمد دراية أدرار، الجزائر. ٢٠١٥-٢٠١٦، لا٩٤.

بینی ئەو کارەی دراوەتە پاڵ پزیشك تاوانێك پێك دێنێ، پێویستە مەسەلەکە بنێرێ بۆ دادگای تایبەت لەگەڵ ئەوراقی مەسەلەکە، و ئەگەر پاك و بێ تاوان دەرچوو، ئەمە ڕێگە لە وەرگرتنی کاری بەرزەفتی دەرحەقی ناگرێ بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە ). لێرەدا بەهۆی ئەم دەرئەنجامانە پزیشکی بەرپرسیار بەپێی ماددەکانی (416،411) یاسای سزاکانی عێراقی لێپێچینەوەی لەگەڵ دەکرێت و تووشی سزا دەبێت[46].

## لقی دووەم

## کۆڵەگەی واتایی

تاوان بە تەنها لەلایەنی ماددی پێك نەهاتووە بەڵکو لەلایەنی دەروونیش پێك هاتووە کە پێی دەڵێن کۆڵەگەی دەروونی یان مەعنەوی یان کەسایەتی تاوانی، مەبەست لەوە بنەماکانی دەروونی ماددەییەکانی تاوانە. لە ڕاستیدا یاسادانەر لە بنەڕەتدا گرنگی بە ماددەکانی تاوان نادات بەڵام لە کاتێکا گرنگیان پێ دەدات کە لەلایەن مرۆڤێکی بەرپرس ئەنجام بدرێن کە شایەنی ئەو سزایە بێت کە بۆی دیاریکراوە، هەر ئەوەش وادەخوازێت کە تاوان بنچینەیەکی لە دەروونیەتی تاوانباردا هەبێت، بە جۆرێك کە دەسەڵاتی بەسەر تەواوی بەشەکانیدا هەبێت، هەربۆیە دەڵێن تاوان بەبێ کۆڵەگەی واتایی ( مەعنەوی ) بوونی نییە چونکە ئەو کۆڵەگەیە کرۆکی تاوانە و ڕێگەیەکە بۆ دیاریکردنی بەرپرسیارییەتی تاوانکاری، بە جۆرێك لە هیچ کەسێك لە تاوانێك بەرپرسیار نییە ئەگەر پەیوەندی لەنێوان ماددەکانی تاوان و دەروونی تاوانبارەوە نەبێت، و کۆڵەگەی واتایی دادپەروەری دەستەبەر دەکات و مەرجە بۆ سزادان کە ئامانجێکی کۆمەڵایەتی لە پشتەوەیە[47]، بۆ هاتنەدی کۆڵەگەی واتایی بەرپرسیارێتی پزیشك ئەو دوو ڕەگەزە دانراوە، یەکەمیان : ( ویست ) واتا ئازادی هەڵبژاردن، و دووەم : ( زانین )واتا ئامادەیی کەسەکەیە یان توانای تێگەیشتنی لەسەر چۆنیەتی کارەکانی و هەڵسەنگاندنی دەرەنجامی کردەوەکانی[48]. هەر بۆیە لێرەدا باسی ڕەگەزەکانی کۆڵەگەی واتایی دەکەین لە هەڵەی پزیشکیدا :

### یەکەم : ویست ( الارادە ) :-

بوونی ویست واتا ئازادی هەڵبژاردن، مەبەست لەوە توانای مرۆڤە لەسەر ئاراستەکردنی خودی خۆی بەرەو ئەنجامدانی کردەوەیەکی دیاریکراو یان بەجێ نەگەیاندنی ئەرکێك و ئەو توانایەش تەنها لەلایەن کەسێکەوە دەست دەکەوێت کە هیچ کاریگەرییەك نەبێت کاربکاتە سەر ویستی یان ناچاری بکات لەسەر ئەنجامدانی کارێکی تایبەت لەوەدا دەردەکەوێت کە کۆڵەگەی واتایی لە بنەڕەتدا بریتییە لە ( هێزی دەروونی ) وەکو دروستکردن و دەسەڵات و ئەو هێزە بریتییە لە ویست، و

---

46 کمال حسن مجید، سەرچاوەی پێشوو، لا ١٢٢.

47 عبدالصمد محمد خەیلانی، سەرچاوەی پێشوو، لا ١٩٤،١٩٥.

48 بن فاتح عبدالرحیم، سەرچاوەی پێشوو، لا ٤٨.

هەرکەسێك ویستی نەبێت ئازاد نییە لە هەڵبژاردن بەجۆرێك کە هەرکاتێك ویستی مرۆڤ رووەو تاوان ئاراستەبکرێت ئەوا ویستێکی تاوانکارییە یان هەروەك هەندێك پێی دەڵێن ( ویستی تاوانکاری )، سەرچاوەی ئەو ویستە تاوانکارییەش بریتیە لەو شەڕانگێزییەی کە رووەو مادده ناڕەواکانی تاوان ئاراستە دەکرێت، ویستی تاوانکاریش بەڵگەیە لەسەر مەترسیداری کەسایەتی تاوانبار و بە رواڵەتی ئەو کەسەیە دادەنرێت چونکە ئامرازێکە بۆ گوزارشتکردن لە بارودۆخە دیاریکراوەکان واتا ویستی تاوانکاری، و پەیوەندییێکە لە نێوان ماددەکانی تاوان و کەسایەتی تاوانبار کە ڕۆڵی کۆڵەگەی مەعنەوی لە ئاراستەکردنی سزادان بەرەو ئامانجەکانی کۆمەڵایەتی دەردەخات و گرنگیەیەکەشی لەوەدایە کە سزادان چارەسەری مەترسی تاوانبار بکات، دادوەر لە توانای دایە کە جۆر و بڕی ئەو مەترسییە دەستنیشان بکات و سزای گونجاویشی بۆ دیاری بکات[49].

کەواتە ویستی تاوانکاری کە بریتییە لە ئازادی هەڵبژاردن ڕەگەزێکی پێویستە بۆ هاتنەدی کۆڵەگەی مەعنەوی و هەروەها هاتنەدی تاوان، و بەبێ ئەو تاوان بوونی نییە. بۆیە دەبێت ویست ئامادە بێت بۆ ئەوەی مەبەستی تاوانکاری جێگیر بێت، تەنانەت ئەگەر تەنها بوونی ئەو ویستە بوونی نیەتی تاوانکاری بەدوای خۆیدا نەهێنێت، بیرۆکەی ویست لە تاوانێکی بە ئەنقەستدا جیاوازە لەوەی لە تاوانێکی بێ مەبەستدا هەیە. لە تاوانێکی بە مەبەستدا ویست ئەنجامەکە وەك ئامانجێك وەردەگرێت کە هەوڵی بەدەستهێنانی دەدات و ئەمەش لە ئەنجامدا پێویستی بە بوونی توخمەکانی نیەتی ڕاستەوخۆ هەیە کە چاوەڕوانی ئەنجامی تاوانکاری دەکات و دێتە کایەوە، سەبارەت بە تاوانە بێ مەبەستەکان بۆمان دەردەکەوێت کە ئەو ئامانج و گریمانەیەی کە ئیرادە بەرەو ئەو ئاڕاستە کراوە ئامانجێکی نایاسایی نەبووە، یان بە واتایەکی تر، ئیرادە بەرەو گەیشتن بە ئەنجامێکی تاوانکاری نەبووە کە بە دەستدرێژیکردنە سەر مافێك کە بە یاسا پارێزراوە، نوێنەرایەتی دەکرێت، بەڵکو زیاتر ڕەفتارێکی تری دەویست کە ئەنجامێکی نایاسایی لێکەوتەوە کە مەبەستی نەبووبێت[50].

## دووەم : زانین ( علم ) :-

مەبەستە لەوە ئامادەیی کەسەکەیە یان توانای تێگەیشتنی لەسەر چۆنیەتی کارەکانی و هەڵسەنگاندنی دەرەنجامی کردەوەکانی، بریتییە لە تێگەیشتن لە شتەکان بە شێوەیەك کە لەگەڵ واقیعەکەیاندا بگونجێت، واتە بەدەستهێنانی وێنەیەك لە شتەکە لە عەقڵدا وەك چۆن لە دۆخی واقیعدا هەیە، وێنەی مەعریفی ئەو شتانەیە کە لە دونیای بابەت و ڕووداوەکاندا ڕوودەدەن، بۆیە ڕاستییە دەرەکییەکان وەك سەرچاوە وان زانینیش وەك وێنەی عەقڵی حەقیقەتی دەرەکییە وەك چۆن لە جیهانی واقیعدا هەیە، زانین وەك چرایەك وایە کە ڕێگا بۆ ئەو ئیرادەیە ڕووناك دەکاتەوە کە ئاراستەی گەیشتن بە ئەنجامی تاوانکارییە، کە دواجار ئامانجی تاوانبارەکەیەتی. زانین، وەك یەکێك لە دوو ڕەگەزەکانی مەبەستی تاوانکاری، ڕەنگە زانیارییەکی دیاریکراو بێت، یان زانیاری ئەگەری واتە بە گومان پەڵەدار بێت، زانین دڵنیایە ئەگەر ئەو بیرۆکەیەی کە لە مێشکی تاوانباردا داڕێژراوە بە گومان پەڵە پەڵە نەبێت، وە زیاتر لە ئەگەرێك لە مێشکیدا نییە، بەو پێیەی ئاگاداری هەموو ئەو ڕەگەز و ڕاستیانەیە کە بوونە فیزیکییەکەی تاوانەکە پێکدەهێنن بە شێوەیەك کە گومان و ئەگەری تێدا نەبێت[51].

[49] عبدالصمد محمد خەیلانی، سەرچاوەی پێشوو، لا ١٩٧.

[50] ملالحة عبدالرحمن، المسؤولية الجنائية للطبيب، كلية حقوق و العلوم السياسية قسم حقوق،جامعة محمد خيضر، الجزائر، ٢٠١٥-٢٠١٦، لا ٧٤.

[51] بن فاتح عبدالرحيم، سەرچاوەی پێشوو، لا ٥٦.

بۆ هاتنەدی مەبەست تاوانکاری بەتەنها ویستی تاوانبار بۆ ئەنجامدانی ڕەفتارەکە و دەرئەنجامە تاوانییەکە بەس نییە، بەڵکو لەگەڵ ئەوە پێویستە بزانێت کەتاوانێك ئەنجامدەدات و مەبەستەکەشی لەگەڵ تەواوی ئەو مەرجانەی کە لە یاسادا دیاریکراوون بەرەو ئەنجامدانی تاوان ئاراستە بکرێت، واتا ئەگەر کەسێك کردەوەیەکی زیان بەخشی ئەنجامدا بۆ هاتنەدی ڕەگەزی زانیاری پێویستە ئەو کەسە بزانێت کە ئەو کردوەیە لە یاسادا ڕووداوێکی قەدەغەکراوە ( تاوانە ). بۆ هاتنە دی زانیاری مەرجە تاوانبار زانیاری لەسەر تەواوی ئەو ڕووداوانە هەبێت کە پەیوەستن بە تاوان و یاسا[52].

## تەوەرەی دووەم

## پەیوەندی هۆیەتی نێوان هەڵەی پزیشکی و دەرئەنجامی تاوانکاری

بریتییە لە پەیوەندی نێوان ڕەفتاری تاوانکاری و دەرئەنجامی تاوانی زیانبەخش، بەجۆرێك کە ئەو ڕەفتارە تاوانکارییە بووەتە هۆی ڕوودانی ئەو دەرئەنجامە زیان بەخشە، پەیوەندی هۆکاری گرنگییەکی زۆری هەیە لە بەستنەوەی هەردوو ڕەگەزی کۆڵەگەی ماددی بەیەکەوە بەجۆرێك کە دەبێتە مایەی یەکبوون، و سروشتی کۆڵەگەی ماددی بەبێ بوونی ئەو پەیوەندی هۆکاریەتییە هیچ پەیوەندیەك لە نێوان ڕەفتار و دەرئەنجام بەدی ناکرێت[53].

لەبواری پزیشکیدا مەبەست لە پەیوەندی هۆیەتی بوونی پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆیە لە نێوان ئەو هەڵەیەی کە پزیشك کردویەتی و ئەو زیانەی بە نەخۆش گەشتووە، بوونی پەیوەندی هۆیەتی پایەکی بنەڕەتی دروستبوونی بەرپرسیارێتی پزیشکییە، بۆ دروستبوونی بەرپرسیارێتی لەبواری هەڵەی پزیشکی و ڕوودانی زیان، دەبێت ئەو زیانەی بەر نەخۆش کەوتووە ئەنجامی ڕاستەوخۆی ئەو هەڵەیە بێت کە پزیشك دروستی کردووە. واتە بوونی هەڵە و زیان گەیاندن بەتەنیا بەس نییە بەڵکو دەبێت پەیوەندی هۆیەتی هەبێت لەنێوان هەڵەکە و دەرئەنجامە تاوانکارییەکە، بۆیە دیاریکردنی پەیوەندی هۆکار لە بواری پزیشکیدا بابەتێکی قورسە، بەهۆی ئاڵۆزی جەستەی مرۆڤ و گۆڕانی بارودۆخ و تایبەتمەندییەکانی و ڕووننەبوونەوەی هۆکارەکانی ئاڵۆزییە ڕواڵەتیەکان. بۆ ئەوەی بەرپرسیارێتی پزیشك لە تاوانێکی بێ مەبەستدا بسەلمێنرێت، دەبێت پەیوەندییەکی هۆکارانە هەبێت لە نێوان ئەنجامەکە و ئەو هەڵەیەی کە ئەنجامی داوە، واتە پەیوەندی هەڵەکە بەو ئەنجامە زیانبەخشەی کە بەسەر نەخۆشەکەدا هاتووە، بەجۆرێك کە ئەگەر هەڵەکە ڕووی نەدابا ناتوانرێت خەیاڵ بکرێت کە زیانەکە ڕوویدابێت، لەسەر بنەمای ئەوە، ئەگەر پەیوەندی هۆکارانە نەبوو، واتە ئەنجامەکە لە هۆکارێکی ترەوە ڕوویدا یان پزیشکەکە هیچ هەڵەیەکی نەکردبێت، پزیشك لێپرسینەوەی لەگەڵدا ناکرێت لەسەر ئەوە، بۆیە دەتوانرێت بڵێین پەیوەندی هۆکارانە مەرجێکە بۆ بەرپرسیارێتی تاوانکاری پزیشك لە بەرامبەر هەڵەی پزیشکیدا[54].

---

[52] عبدالصبور عبدالقوي علي مصري، سەرچاوەی پێشوو، لا ١٦١.

[53] عبدالصمد محمد خەیلانی، سەرچاوەی پێشوو، لا ١٨٦.

[54] ملالحة عبدالرحمن، سەرچاوەی پێشوو، لا ٩٣.

پەیوەندی هۆیەتی سەربەخۆیە لە هەڵەکردن و زیانگەیاندن، لەوانەیە زیان ڕووبدات، و زیانەکە بە پەیوەندی بە هۆکارەکەوە هەبێت، لەهەمان کاتدا دەکرێت کارەکە زیانی گەیاندبێت بەڵام هەڵەی تێدا نەکرابێت، یان دەکرێت هەڵە کرابێت و زیانیش ڕوویدا بێت، بەڵام پەیوەندی بەیەکتەوە نەبێت، هەرچەند پزیشك هەڵە بکات نەخۆشیش زیانی پێ بگات بەرپرسیارێتی دروست نابێت ئەگەر پەیوەندیان بە یەکترەوە نەبێت، بەڵکو ئەبێت زیان لە ئەنجامی هەڵەکەوە بێت، واتە لەنێوان هەڵە پزیشکیەکەو زیان لێکەوتنەکەدا پەیوەندی هۆیەتی هەبێت، بڕیاردان لەسەر پەیوەندی هۆیەتی لە کاری پزیشکیدا لە هەڵەی ماددی ئاسانترە وەك لە هەڵەی پیشەیی، چونکە هەڵەی ماددی لەو ڕوداوانەیە کە هیچ لێڵیەکی تێدانییە، بەڵام هەڵەی پیشەیی سەخت و گرانە، بۆیە لێرە دادوەر زۆربەی کات پشت بەشارەزا دەبەستێت چونکە زۆربەی جار هۆکاری زیانەکە لەوەیە پەرەسەندنی نەخۆشی جیاواز بووبن لەوەی کە پزیشکەکە چارەسەری دەکات، یان هۆکارەکەی نازانرێت تەنانەت شارەزایانیش لەبەردەمیدا سەرسام دەمێنن[55].

## لقی یەکەم

## تیۆرەکانی پەیوەندی هۆیەتی

گرنگی دانانی پێوەرێك بۆ زانینی هاتنەدی پەیوەندی هۆکارییەتی لەکاتێکدا دەردەکەوێت کە هەندێك ئەنجامدەری تر لەگەڵ ڕەفتاری تاوانبار بەشداربن لە ڕوودانی ئەو دەرئەنجامە تاوانکارییە. واتە لێرەدا ئەو تیۆرانە بۆ ئەوەیە بزانرێت ئایە هۆکاری تر کاریگەری هەیە لەسەر ئەو پەیوەندی هۆیەتییە؟ ئایە لەبەر ئەوەی ڕەفتاری تاوانکاری پاڵنەرێکە لە پاڵنەرەکانی ڕوودانی ئەو دەرئەنجامە دەبێتە هۆی مانەوەی پەیوەندی هۆکاری لەنێوان ڕەفتاری تاوانکاری و دەرئەنجامەکە؟ هەر بۆیە بۆ وەڵام دانەوەی ئەم پرسیارانە دوو تیۆرهەن [56].کە لێرەدا ئاماژەیان پێدەدەین :

### یەکەم : تیۆری یەکسانیکردنی هۆکارەکان :

ئەم تیۆرە هەڵدەستێت بە یەکسانیکردنی لە نێوان گشت ئەو هۆکارانەی کە بەشداریان لە ڕوودانی دەرئەنجامە تاوانکارییەکە کردووە، واتا بوونی پەیوەندی هۆکاری لەنێوان گشت هۆکارەکان و دەرئەنجامەکە، بە پێی ئەوە دەکرێت بگوترێت پەیوەندی هۆکاری لەنێوان ڕەفتار و دەرئەنجام هەر بەردەوامە ئەگەر دەرکەوت کە ئەو ڕەفتارە هۆکارێکە لە هۆکارەکانی بەشداربوو لە ڕوودانی دەرئەنجامەکە ئەگەر چی بڕی بەشدار بوونەکەشی سنوردار بێت بەجۆرێك ئەگەر تێبینیکرا کە هۆکارەکانی تر کاریگەرترن لە سەر ڕوودانی ئەو دەرئەنجامە. بەشداریکردنی هۆکارەکانی تر لە ڕێزبەندی هۆکاری نابێتە هۆی نەمانی ئەم پەیوەندییە، بۆ نموونە هەڵەی پزیشك ئەگەر گەورەش بێت یان تووشبوونی تاوانلێکراو بە نەخۆشیەکی تر یان سوتانی ئەو

---

[55] أمیر فرج یوسف، سەرچاوەی پێشوو، لا ١٧٢.

[56] عبدالصمد محمد خەیلانی، سەرچاوەی پێشوو، لا ١٨٧.

نەخۆشخانەی کە تاوانلێکراو گوازراوەتەوە بۆی نابێتە هۆی نەمانی پەیوەندی هۆکاری. ئەو لایەنانەی کە پشت بەو تیۆرە ئەبەستن لەبەر ئەوەی ڕەفتاری تاوانبار هێزێکی کاریگەری داوە بە هۆکارەکانی تر بە جۆرێك ئەگەر ئەو نەبووایە نەیان دەتوانی ببنە هۆی ڕوودانی ئەو دەرئەنجامە. بەو پێیە بووەتە هۆکارێك بۆ هۆکارییەتی هۆکاری تاوانی، و لە ڕووی پەیوەندییان بە تاوان یەکسانن و هەر ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوە کە ڕەفتاری تاوانبار بە هۆکارێکی دەرئەنجامەکە دابنرێت و لەبەر ئەوە هیچ پێوەرێك نییە تاکو هۆکارەکانی تر لەو ڕەفتارە جیابکرێنەوە و کاریگەریان هەبێت بەسەر دەرئەنجامەکە. یاوەرانی ئەم تیۆرە بۆ دانانی ڕەفتاری تاوانکاری بە هۆکاری دەرئەنجامی تاوانی پێوەرێکیان داناوە کە بریتیە لەوەی هەر کاتێك نەبوونی ڕەفتارەکە ببێتە هۆی ڕوونەدانی دەرئەنجامەکە بە تەواوەتی یان ئەوەتە دەرئەنجامەکە لە کات و شوێنێکی جیاواز لەگەڵ کات و شوێنی ئەنجامدانی ڕەفتارەکە ڕوویدات، یان شێوە و سنورێکی جیاوازیان هەبێت بەو پێیە پەیوەندی هۆکاری لە نێوان ڕەفتار و دەرئەنجامەکە هەر بەردەوامە مادەم ڕەفتاری تاوانکاری هۆکارێکە لە هۆکارەکانی دەرئەنجامەکە ئەگەر چی کاریگەری کەمتریش بێت، بە و پێیە بوونی هۆکاری تر لەگەڵ ڕەفتاری تاوانکاری و بەشداریکردنییان لە ڕوودانی دەرئەنجامەکە نابێتە مایەی نەمانی پەیوەندی هۆکاری تەنها ئەگەر دەرکەوت کە ئەو هۆکارانە تاکە هۆکاری ڕوودانی دەرئەنجامەکەن و ڕەفتاری تاوانکاری بە هیچ شێوەیەك بوونی نییە[57].

## دووەم : تیۆری هۆکارییەتی گونجاو ( شیاو ) : 

ئەو بۆچوونە بە تەواوەتی پێچەوانەی تیۆری یەکسانیکردنی هۆکارەکانە، کە بریتییە لە یەکسانی نەکردنی هۆکارەکان، کە پەیوەندی هۆکاری لە نێوان ڕەفتاری تاوانکاری و دەرئەنجامی تاوانکاری نییە تەنها لەو کاتە نەبێت کە ئەندازەی بەشداریکردنی ڕەفتاری تاوانکاری لە ڕوودانی دەرئەنجامەکە بەرامبەر بە هۆکارەکانی تر گرنگیەکی دیاریکراوی هەبێت. بە جۆرێك کە ڕەفتارەکە لە کاتی ئەنجامدانی توانای ڕوودانی دەرئەنجامەکەی هەبێت، ئەو توانایەش کاتێك دەردەکەوێت کە ڕەفتارەکە بە مەبەستی ڕوودانی دەرئەنجامەکە ئاراستەیەکی ڕوونی هەبێت واتە ڕەفتارەکە خۆی لەخۆیدا بگونجێت بۆ ئەنجامدانی ئەو ڕووداوە. بۆ ئەوەش پێویستە یەکەم جار کاریگەری ڕەفتارە تاوانکارییەکە دیاری بکرێت، دووەم جار هەڵسن بە هەڵسەنگاندنی گشت ئەو هۆکارانەی کە بەشداریان لە ڕوودانی دەرئەنجامەکە کردووە و هۆکارە شازەکان دوورخەینەوە دواتر کاریگەری ئەو هۆکارانە لەگەڵ کاریگەری ڕەفتاری تاوانکاری لەتەك یەکتر دابنێن، دواتر بپرسن ئایە ئەوە کاریگەری هەیە لەسەر وروژاندنی ئەو کۆمەڵە یاسا سروشتییەی کە دەبێتە ڕوودانی دەرئەنجامەکە. پوختەی تیۆری هۆکارییەتی گونجاو لەوەدایە کە هەر کاتێك دوو هۆکار بەشداربوون لە ڕوودانی دەرئەنجامێکی تاوانی و یەکەمیان هۆکارێکی باو بوو یان بەرهەمهێن بوو دەگونجا بۆ ڕوودانی دەرئەنجامی لەو جۆرە و ئەوەی تریان هۆکارێکی باو نەبوو نەدەگونجا بۆ ڕوودانی دەرئەنجامی لەو جۆرە تەنانەت ئەگەر هەندێك جار بارودۆخی دەگمەن بەشداری کردبێت لە ڕوودانی ئەو دەرئەنجامە ئەوە پێویستە هۆکارە دەگمەنەکە وەلاوە بنێین بۆ هۆکارە باوەکە وەك بەرپرسیارێتی تاوانکاری بهێڵینەوە[58].

---

[57] عبدالصمد محمد خەیلانی، سەرچاوەی پێشوو، لا ١٨٨.

[58] هەمان سەرچاوەی سەرەوە، لا ١٨٩.

## لقی دووەم

## هەڵوێستی یاسای عێراقی

**پەیوەندی هۆكارییەتی لە یاسای عێڕاقی:**

**یاسای سزاکانی عێڕاقی ژمارە (111) ی ساڵی 1969 هەموارکراو. لە مادەی ( 29 ) باسی پەیوەندی هۆکاری دەکات و دەڵێت :**

**1- هیچ کەسێك دەربارەی تاوانێك لێپرسینەوەی لەگەڵدا ناکرێت کە دەرئەنجامی ڕەفتاری ئەو نەبێت، بەڵکو دەربارەی ئەو تاوانە لێپرسینەوەی لەگەڵدا دەکرێت کە دەرەنجامی ڕەفتاری ئەو بێت هەرچەندە هۆکارێکی پێشتر یان هاوکات یان دواتر بەشداری کردبێت لەگەڵی هەرچەندە بێ ئاگابێت لەو هۆکارە.**

**2- بەڵام ئەگەر هۆکارەکە بەتەنها بەس بوو بۆ ڕوودانی دەرەنجامە تاوانکارییەکە، ئەوە لەو حاڵەتە ئەنجامدەرەکە تەنها دەربارەی ئەو کردەوەیە لێپرسینەوەی لەگەڵدا دەکرێت کە ئەنجامیداوە.**

**بەپێی برگەی یەکەمی ئەو مادەیە بەشداریکردنی هۆکارەکانی تر لە ڕوودانی دەرەنجامی تاوانی نابێتە هۆی نەبوونی پەیوەندی هۆکاری لە نێوان ڕەفتار و دەرەنجامەکە جا یەکسانە چ ئەو هۆکارە لە پێش یان لە هەمان کات یان لە دوای ڕەفتاری تاوانکاری ڕوویدا بێت، و هەروەها یەکسانە خاوەنی ڕەفتارەکە چ پێی ئاگەداربێت یان نا، واتا بەشداریکردنی ڕەفتارەکە لە ڕوودانی دەرەنجامەکە هەرچەندە کەمیش بێت و هۆکارەکانی تر ڕۆڵی زیاتریان هەبێت بەسە بۆ بوونی پەیوەندی هۆکاری لە نێوانیاندا، لە ڕاستیدا داننانە بە تیۆری یەکسانکردنی هۆکارەکان و بڕیارەکانی، بۆیە دەتوانین بڵێین کە یاسای سزاکانی عێڕاقی تیۆری یەکسانکردنی هۆکارەکانی هەڵبژاردووە و کار بە بڕیارەکانی دەکات. بەڵام لە برگەی دووەمی هەمان مادە جەخت دەکات لەسەر جێگیرکردنی تیۆری یەکسانکردنی هۆکارەکان لە یاسای سزاکانی عێراقی لە دوای ئەوەی کە سنوورەکەی هەندێك تەسك کردۆتەوە بەجۆرێك کە لە هەندێك حاڵەت پەیوەندی هۆکاری لە نێوان ڕەفتاری تاوانکاری و دەرەنجامی تاوانی ناهێڵێت کەچی لە بنەڕەتدا بەپێی تیۆری یەکسانکردنی هۆکارەکان لەو حاڵەتانە پەیوەندی لە نێوانیاندا هەیە.**

**بەڵام جێگیرکردنی تیۆری یەکسانی کردنی هۆکارەکان و پێداگری لە سەرکردنی لەوە دەردەکەوێت کە ئەگەر هۆکارێکی لەناکاو لە ڕیزبەندی هۆکاری هاتە ئاراوە، بەجۆرێك ئەو هۆکارە بەتەنها بەس بوو بۆ ئەنجامدانی ئەو دەرەنجامە و ڕەفتاری تاوانکاری هیچ ڕۆڵێکی نەبوو لەو ڕووداوە ئەوە لەو حاڵەتە خاوەنی ڕەفتارە تاوانکارییەکە تەنها لەو کردەوەیە بەرپرسیارە کە ئەنجامی داوە، چونکە هۆکاری لەناکاو وادەکات کە ڕەفتاری تاوانکاری هیچ ڕۆڵێکی نەبێت لە ڕوودانی ئەو دەرەنجامە، واتە ڕەفتارەکە یەکێك نییە لە هۆکارەکانی ڕوودانی ئەو دەرەنجامە کە بەپێی تیۆری یەکسانکردنی هۆکارەکان پەیوەندی هۆکاری بوونی نییە، بەڵام تەسککردنەوەی سنووری یەکسانکردنی هۆکارەکان، بەهۆی نەبوونی پەیوەندا هۆکاری لەنێوان ڕەفتاری تاوانکاری و دەرەنجامی تاوان دەهێتەدی لەو حاڵەتەی کە هۆکاری لەناکاو بەس بێت بۆ ڕوودانی دەرەنجامەکە بەڵام بەتەواوی سەربەخۆ نەبێت لەگەڵ ڕەفتاری تاوانکاری بەڵکو بەسترابێتەوە بە ئەنجامدانی لەلایەن تاوانبار، بەجۆرێك کە ئەنجامدانی ڕەفتارە تاوانکارییەکە بارودۆخێکی کاتی یان شوێنی یان هەر بارودۆخێکی تری ڕەخساند بۆ ئەوەی کە هۆکاری لەناکاو بتوانێت**

کاریگەری هەبێت، و ئەگەر ڕەفتارەکە نەبوایە ئەو دەرەنجامە نەدەهاتە دی، بریتیە لەو حاڵەتەی کە تیۆری یەکسانکردنی هۆکارەکان دەڵێت پەیوەندی هۆکاری نێوان ڕەفتاری تاوانکاری و دەرەنجامی تاوانی هەیە.

بەپێی تیۆری یەکسانکردنی هۆکارەکان بۆ نەبوونی پەیوەندی هۆکاری لە نێوان ڕەفتاری تاوانکاری دەرەنجامی تاوانی پێویستە ئەو هۆکارەی بەشداری دەکات لە ڕێزبەندی هۆکاری تاوانی بەتەنها بەس بێت و جیاواز بێت لەگەڵ ئەنجامدانی دەرەنجامەکە، واتا پێویستە ئەو هۆکارەی کە دەبێتە هۆی نەبوونی پەیوەندی هۆکاری هەر دوو مەرجی جیاوازی و شیاوی تێدا بێتەدی.

بە کورتی یاسای سزاکانی عێراقی لە بواری دیاریکردنی پەیوەندی هۆکاری پشت بە پێوەری تیۆری یەکسانکردنی هۆکارەکان دەبەستێت بەڵام سنورەکەی هەندێك تەسك کردۆتەوە بەجۆرێك کە نەبوونی پەیوەندی هۆکاری لەنێوان ڕەفتاری تاوانکاری و دەرەنجامی تاوانکاری تەنها پەیوەستە بە مەرجی شیاوی هۆکاری لەناکاو بۆ ئەنجامدانی دەرەنجامە تاوانییەکە بەبێ بوونی مەرجی جیاوازی، کە تیۆری یەکسانکردنی هۆکارەکان بە مەرجی داناوە[59] .

## لقی سێیەم

## سزای هەڵەی پزیشکی

پزیشك لە ئەنجامی هەڵەکانی بە پێی یاسای سزادانی عێرقی ژمارە (111)ی ساڵی 1969ی هەموارکراودا بەپێی ئەم ماددانە لێپێچینەوەی لەگەڵ دەکرێت :

لە بڕگەی (1) ماددەی (411)ی، ئاماژەی بەوە کردووە دەڵێت : ( ئەوەی بە هەڵە یەکێکی کوشت یان بێ ئەنقەست کوشتنی لێکەوتەوە، بەگرتن و بژاردن سزا دەدرێ، یان یەکێك لەم دوو سزایە، گەر ئەو کارەی بەهۆی کەمتەرخەمی، یان هەڵەشەیی، ئاگانەبوون، یان بێ خۆپارێزی، یان لەبەرچاو نەگرتنی یاسا و پێڕەو فەرمانەکان ڕوویدابێ).

هەروەها لە برگەی(2) ماددەی (411) دەڵێت : ( بەگرتن سزادەدرێت کە لە ساڵێك کەمتر نەبێت و بەبژاردن کەلە 7650دینار کەمترنەبێت و لە 225000دینار زیاتر نەبێت، یان بە یەکێك لەم دوو سزایە، گەر تاوانەکە لە ئاکامی لادانێکی دژواری تاوانکار لەو ئەرکانەی کە بەگوێرەی ڕێوشوێنی فەرمانبەرێتییەکەی یا پیشەکەی پێویستن ڕوویدا، یا لەکاتی هەڵەکە لەژێر کاریگەی ماددەی مەستکار یان هۆشبەر دابووبێ، یان لەکاتی ڕووداوەکە کەمتەرخەمی کردبێت لەیارمەتیدانی تاوانلێکراو، یان کەمتەرخەمی کردبێت لە داواکاری کردنی یارمەتی بۆ تاوانلێکراو لەگەڵ ئەوەی دەیتوانی ئەم کارەبکات).

ئەوەش لە کاتێکدا کە پزیشك بووە هۆکاری کوشتنی نەخۆش بەپێی ماددەی (411) لێپێچینەوەی لەگەڵ دەکرێت.

---

[59] عبدالصمد محمد خەیلانی، سەرچاوەی پێشوو، لا ١٩٠.

بەڵام ئەگەر پزیشك بەهۆی هەڵەکەی نەخۆشەکەی تووشی کەمئەندامی هەمیشەیی کرد یان دووچاری ئازار و نەخۆشیەکی کرد بەپێی ماددەی (416) لێپێچینەوەی لەگەڵ دەکرێت. کە لەماددەی (416) لە بڕگەی (1) دەڵێت: ( بەگرتن سزا دەدرێت لە شەش مانگ زیاتر نەبێ و بە بژاردن کە لە 225000دینار زیاتر نەبێت یا یەکێك لەم دوو سزایە گەر یەکێك بەهەڵەکەی یەکێکی دووچاری ئازار یا نەخۆشی کرد بەهۆی کەمتەرخەمی، یان هەڵەشەیی، یان بێئاگایی، یان ئامادەکاری نەکردن، یان سەرپێچیکردنی یاساو سیستەم و فەرمانەکان بوو).

وەهەروەها لە بڕگەی (2) ماددەی (416) دەڵێت : ( سزاکە بەندکردن دەبێت بۆ ماوەیەك لە دوو ساڵ زیاتر نەبێت، ئەگەر لە تاوانەکەوە کەمئەندامی هەمیشەیی دروست بوو، یان لە ئەنجامی ئەوە تاوانکار پێشیەڵیەکی گەورەی بنەمای فەرمانبەرێتی یان پیشەکەی یان ئیشەکەی کرد، یان کاتێ ئەو هەڵەکردنە ئەو ڕووداوەی لێکەوتەوە لەژێر گاریگەری ماددەی سەرخۆشکەر یان هۆشبەردا بوو، یان کاتی ڕووداوەکە یارمەتی تاوانلێکراوی نەدابێ یان داوای یارمەتی نەکردبێ بۆی لەگەڵ ئەوەی دەیتوانی ئەو کارە بکات، یان هەڵەکە ئازاردان یان نەخۆشکەوتنی سێ کەس یا زیاتری لێبکەوێتەوە).

لێرەدا یاسای سزاکان بە گشتی باسی تاوان دەکات، تاوانبار و تاوانلێکراوی دیاری نەکردووە، بەڵکو بە شێوەیەکی گشتگیر باسی کردووە، لەبەر ئەوە ئەم یاساییە سیستەمێکی دیاریکراوی پیشەی پزیشکی و هەڵەی پزیشکی دیاری نەکردووە، پزیشك کە مافی چارەسەرکردنی نەخۆشی هەیە لەلایەن یاسا ڕێگەی پێدراوە لەوانەیە لە کارەکەیدا هەڵە بکات، بە پێی لۆژیك ناکرێت یەکسان بکرێت لە تەك شۆفێرێکدا کە لە شەقامێك بەهۆی کەمتەرخەمیەوە تووشی ڕووداوێك ئەبێت. سەرئەنجام دەڵێین یاسای سزادانی عێراقی یاسایەکی گشتییە و هەڵەی پزیشکی دیاری نەکردوە[60].

وە هەروەها لە ماددەی 27ی یاسای سەندیکای پزیشکانی هەرێمی کوردستانی -عێراق ژمارە (6)ی ساڵی 2000 دەڵێت :- ( هەر پزیشکێك زیان بە ئەرکی پیشەیی بگەیەنێ یان کارێکی قەدەغەکراو بکات یاخود کارێکی وابکات پایەی پیشەکەی کەم بکاتەوە یان بڕیارەکانی سەندیکا بەپێی ئەم یاسایە جێبەجی نەکات، خۆی تووشی ئەو سزایە دەکات کە لەیاساکەدا هاتووە، بەبێ ئەوەی ئەم کارە پەیوەندی هەبێ بەو کارانەی کە بەپێی یاسای دیکە لە دژیدا دەکرێت).

[60] لقمان فاروق حسن نانەکەلی، سەرچاوەی پێشوو، لا ٩٢.

## دەرئەنجام

لە میانەی ئەم گەشتەماندا لەگەڵ بابەتی هەڵەی پزیشکیدا گەیشتین بەم ئەنجامانەی خوارەوە :

١ – پیشەی پزیشکیی نایابترین پیشەیە، چونکە پەیوەندی بە جەستەی مرۆڤەوە هەیە، بۆیە دەبێت پزیشک لە ڕەفتار و مامەڵەکردنی لەگەڵ نەخۆشدا پێشەنگ بێت و، بەسۆز و بەزەییەوە کارەکانی ئەنجام بدات.

٢ – لەوەتەی پیشەی پزیشکی دروست بووە هەڵەی پزیشکیش ڕوویداوە، بۆیە هەزاران ساڵە یاسا و ڕێسای تایبەت دانراوە، بۆ لێپێچینەوەی لەو زیانانەی بە نەخۆش دەگات.

٣ – هەڵەی پزیشکیی دیاردەیەکی جیهانییە، لە پاڵ هۆکارەکانی تری مردن و کەمئەندامی بۆتە یەکێک لە هۆکارە هەرە باوەکان بۆ دووچاربوونی نەخۆش بە کەمئەندامی و مردن.

٤ – وەک ڕێسایەکی گشتی پزیشک پابەندە بە ڕەنجدان و بە تەنگەوەهاتن، و توانا بەخەرجدان بە شێوازێکی هونەری پێویست، نەک بە ئەنجام گەیاندن، و چاکبوونەوەی نەخۆش، بەڵام پابەند نەبوون بە بنەما جێگرەکان لە خۆیدا هەڵەی پزیشکییە و بەرپرسیارێتی دروست دەکات.

٥ – یاسای سزادان سزای هەموو دەستدرێژیەک دەدات کە بکرێتە سەر مافی پاراستنی جەستە، دەستدرێژیەکە بە ئەنقەست بێ، یان بەبێ قەست بێت.

٦ – بە هۆی پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیا و کاری پزیشکیی، هەندێک کارە پزیشکیەکان بواری گریمانە هەڵناگرێ و پابەندی پزیشک تیایاندا بە ئەنجام گەیاندنە وەک گواستنەوەی خوێن، ئەنجامی تاقیگەییەکان، دەرمان.

## **پێشنیار**

١ – یاسایەکی تایبەت بە بەرپرسیارێتی و پابەندی پزیشک و، کادیری بواری تەندروستی دەربکرێت، ئەرک و مافیانی تێدا دیاری بکرێت.

٢ – وەزارەتی تەندروستی گۆڤارێکی یاسای پزیشکی دەربکات، هۆشیاری هەردوو بوارەکە بگەیەنێت بە پزیشکان و یاساناسان بە تایبەت، و بۆ جەماوەر بە گشتی.

٣ – هەر کەسێک کارێکی پزیشکیی و تەندروستی دەکات و پسپۆڕی ئەو نییە، توندگیری یاسایی و کارگێری لەگەڵدا بکرێت.

٤ – وەزارەتی تەندروستی سایتێک دابنێ بۆ هۆشیار کردنەوەی جەماوەر لە ئەرک و مافی نەخۆشخانە، ئەرک و مافی نەخۆش.

٥ – لە ڕێی وەزارەتەوە فۆرمێکی یەکگرتوو دابەش بکرێت، ڕەچاوی مافی نەخۆش و بەرپرسیارێتی پزیشکی تێدا کرابێت، بە جۆرێک لەگەڵ یاسادا گونجاو بێت.

٦ – بوونی دادگایەکی تایبەت بە لێپێچینەوە لە بەرپرسیارێتیەکانی پزیشک، کە ئەو کەسانەی لەو دادگایانە کار دەکەن شارەزاییان هەبێت لە بواری یاسای و پزیشکیدا، لەو بارەدا نە دکتۆر مافی ئەخورێت نە نەخۆش.

## سەرچاوەکان

- **بە زمانی کوردی :**

**یەکەم : کتێب :**

١ . کەمال حەسەن مەجید، هەڵەی پزیشکی و بەرپرسیارێتی یاسای، چاپی یەکەم، کتێبخانەی یادگار، سلێمانی-کوردستان، ٢٠١٨.

٢ . علي حسين الخلف،سلطان عبدالقادر الشاوی، وەرگێر عبدالصمد محمد خەیلانی، بنەما گشتییەکانی یاسای سزاکان، چاپی پێنجەم، کۆمەڵگای فەرهەنگی ئەحمەدێ خانی، سۆران-کوردستان، ٢٠٢٠.

- **بە زمانی عەرەبی :**

**یەکەم : کتێب :**

١. أسامة رمضان الغمري، لوائح و قوانين ممارسة الطب والخطاء المهنية للأطباء، الطبعة الأولى، دار الكتب القانونية، مصر، ٢٠٠٩.

٢. أمير فرج يوسف، خطأ الطبيب العمدي وغير العمدي، الطبعة الأولى، المكتب الجماعي حديث، مصر - الإسكندرية، ٢٠١٠.

٣. خليل إبراهيم حسن العبيدي، المسؤولية الجنائية الناشئة عن اختلاط الأنساب من التلقيح الصناعي، الطبعة الأولى، دار الحامد للنشر والتوزيع، الأردن - عمّان، ٢٠١٧.

٤. صفاء شكور عباس، تعدد المسؤولين عن الدواء المعيب، الطبعة الأولى، دار المؤسسة الحديثة للكتاب، لبنان، ٢٠١٣.

٥. صفوان محمد شديفات، المسؤولية الجنائية عن الأعمال الطبية، الطبعة الأولى، دار الثقافة للنشر والتوزيع، القاهرة - مصر، ٢٠١١.

٦. عبدالقادر الحسني إبراهيم محفوظ، المسؤولية الجنائية للطبيب عن عمليات الرتق العذري، الطبعة الأولى، دار النهضة العربية، مصر - القاهرة، ٢٠٠٩.

٧. عبدالصبور عبدالقوي علي مصري، جرائم الأطباء والمسؤولية الجنائية والمدنية عن الأخطاء الطبية، الطبعة الأولى، دار العلوم للنشر والتوزيع، القاهرة - مصر، ٢٠١١.

٨. عبدالفتاح بيومي حجازي، المسؤولية الطبية، الطبعة الأولى، دار الفكر الجامعي، مصر - الإسكندرية، ٢٠٠٧.

٩. علي حسام غصن، الخطأ الطبي، الطبعة الثانية، دار زين الحقوقية، لبنان - بيروت، ٢٠١٠.

١٠. محمد حسن قاسم، إثبات الخطأ في المجال الطبي، الطبعة الأولى، دار الجماعة الجديدة للنشر، مصر - الإسكندرية، ٢٠٠٦.

١١. منير رياض حنا، المسؤولية الجنائية للأطباء والصيادلة، الطبعة الأولى، دار المطبوعات الجامعية، مصر - الإسكندرية، ١٩٨٩.

١٢. موفق علي عبيد، المسؤولية الجزائية للأطباء عن إفشاء السر المهني، الطبعة الأولى، دار الثقافة، عمان - الأردن، ١٩٩٨.

١٣. لقمان فاروق حسن نانەکەلی، المسؤولية القانونية في العمل الطبي: دراسة مقارنة بين القانون والشريعة، الطبعة الأولى، منشورات زين حقوقية، لبنان، ٢٠١٣

**دووەم : توێژینەوە :**

١. بن فاتح عبد الرحيم، المسؤولية الجنائية للطبيب، كلية الحقوق والعلوم السياسية، قسم الحقوق، جامعة محمد خيضر، الجزائر، ٢٠١٤-٢٠١٥.

٢. خليلي هند هجيرة، المسؤولية الجنائية للطبيب، كلية الحقوق والعلوم السياسية، قسم الحقوق، جامعة العقيد أحمد دراية - أدرار، الجزائر، ٢٠١٥-٢٠١٦.

٣. ملالحة عبد الرحمن، المسؤولية الجنائية للطبيب، كلية الحقوق والعلوم السياسية، قسم الحقوق، جامعة محمد خيضر بسكرة، الجزائر، ٢٠١٥-٢٠١٦.

- **سەرچاوە یاساییەکان :**

١ . یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (١١١) ی ساڵی ١٩٦٩ هەموارکراو.

٢ . یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٢٠ ماف و ئەرکەکانی نەخۆش لە هەرێمی کوردستان – عێراق.

٣. یاسای ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٠ی سەندیکای پزیشکانی هەرێمی کوردستان – عێراق.

٤. یاسای شارستانی عێراقی ژمارە (٤٠) ی ساڵی١٩٥١ بەرکار لە هەرێمی کوردستان و عێراق.